# کورتەیەک
# لە یادداشتنامەی ژیانم



## بە پێنوسی حەزرەتی
## شێخ محمد عوسمان
## سیراج الدین نەقشبەندی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد الله الذي من على عباده بالهمة والحلم و الصفا، واصطفى من بينهم بطريق الاجتباء معاشر الانبياء، وختمهم بسيدنا و مولانا حضرة محمد المصطفى صلى الله عليه وعلى اله و اصحابه الاتقياء الحنفا و انال بتبيعتهم زمرة الاولياء و العلماء و الشهداء كاس المحبة و شنابيب الرحمة و الصدق و الوفا.

و الصلاة و السلام على حبيبنا محمد الذي أزال به دنس الشرك و الجور و الجفا و على اله و اصحابه البررة الشرفا، مادام الليل و النهار بعضها الى بعض جنفاء وبعد:

ئەم هەژاری بێ ناوە، وە ئەم مسكينە داماوە محمد عثمان سراجالدين نقشبندی كوڕی دڵسۆزی حەزرەتی بەهەشت جێگەی پایە بەرزی سایە بلند حەزرەتی شێخ ( علاء الدين )م كە ئەويش ئەڕشەدی كوڕانی باپيری زۆرعەزيز و خۆشەويستم حەزرەتی شێخ عمری عثمان يە قدس الله سره العزيز. لەبەر ئەمەی كە بازێ لە مەنسوبين و پەيوەندی دارانی ئەم خانەدانەی شەريعەت بونيانە طەلەب و داكۆكی يەكی زۆريان لێ كردم كە هەندێ لەبارەی شەخسی خۆم و نمونەيە لە ئەحواڵ و ئەسراری بزورگانی ئەم خانەدانە و پەيڕەوانی ئەوان بخەمەڕوو.

تابەهۆی نوسينەوە ناوو يادی ئەوان نەچێتەوە و فەرامۆشی خاتری ئەحباب و جێگەو مەكانيان لەسەر لاپەڕە مێژوو ئەم خانەدانە خاڵی نەبێ. بە ئومێدی ئەميشە نوسيم كەجێ ی ڕەزامەندی ئێوە و پێخۆش بوونی پەيوەندی دارانی ئەم خانەدانەبێ.

وە بۆ هەموو برادەرانيش بێتە جێی سوود و كەڵك لە معنويات و دەرك و حەقايق دا .

وەلەم كارەدا و لە هەموو كارێكا پشتم بەخوا بەستوە و هەر ئەوەڕێ نيشاندەر، هەرچەند ڕەوی يەو ڕەووشتی شەريفانەی ئەم گەورە گەورانە لەهەر دەورو زەمانێكا بەمەفادی و منطوقی ئەم شيعرە پەيڕەوی يان فەرمووە و شاميلی حالی بووە ;-

ما شاخی درختيم پر از ميوه توحيد هر رە گوزەری سنگ زند عار نداريم

ئەم بێ ناونیشانە ئەگەر چی خۆم بەڕەدیف و هاوڕێی ئەوانە نازانم بەلام ئەم گەورە گەورەی خانەدانی خۆمانە بەلە طفولەت و منالی ئەم فەقیرەیان قبوولْ فەرمووە وە هەروەها دوا ئەوەش هەروا بەسەراحەت و ڕەمزو هێمای چەند جارە لەچەندەها کۆڕ و مجلس و مناسەباتی خصوصی و تایبەتی دا ئیشارەیان بە قبوولی فەقیر فەرمووە، تەنانەت لە هەندێ وەسیەت نامە مەقبولْ و وەرگیراوانی فەقیریان بەوەرگیراونی خۆیان داناوە، وەرنەگیراوانی فەقیریان بە وەرنەگیراوو ڕەدکراوەی خۆیان حساب کردووە.

بێ موناسەبەتی نازانم کە ئەم گومناوە ناوی خۆی لە ڕوشتەی زنجیرەی ئەواناحساب بکەم. بابە تاریخی خۆم و برای خۆم مەولانا خالید بەر لە هەرشتێ دەس پێ بکەم.

ئەم فەقیرە لە بەرواری ١٣١٤ هەزار و سێ سەدو چواردەی کۆچی چاوم بەدنیا هەلْ بڕیوە و هاتوومەتە جیهانەوە.

بەلام مەولانای برام لە سالی ١٣١٥ هەزارو سێ سەد و پانزەی کۆچی هاتۆتە دنیاوە کە جیاوازی لە میانەی لەدایک بوونی من و ئەودا لە سالی زیاتر نیە، وەلە میانەی تەواوی براکانی ترما تەنیا من و ئەو برای‌دایکو باوکین و دایکمان یەکێکە. [1]

وە من لەتەمەنی ٤چوار سالی دابووم کە باپیری عەزیزی دلْ مونیرم حەزرەتی ضیاء الدین قدّس سرّه لە سالی ١٣١٨ هەزار و سێ سەد و هەژدە چاوی خۆی لە دنیای فانی لێک نا و بەشابالی بازی گیانی پەروازی کردبۆوە بەرزترین پایەی اعلی علیین وە بە ئەنواری لیقای حەزرەتی حەق شادمان بوو. نوری بەصیرەت و ڕوناکی ئومێدی مریدان و داواکاران و طالیبانی ڕێگەی حەقیقەت بەتاریکی گۆڕرا.

---

[1] مرحومی زاهیر و مختار دایکیان یەکێکە.
وەئەمین و منظهر و ثابت دایکیان یە کێکە.
(مەولانا خالید)

وە لەکاتێکا کە نزیکی پەروازی ڕۆحی بوو لەلانەی بەدەنی پیرۆزیا جار جار پشتی موبارەکی بەسنگی باوکمەوە ئەدا، وە جار جاریش پشتی بەسینەی مرحومی شێخ سادقی کوڕی حەزرەتی شێخ بهاء الدین قدس سرە کە برای حەزرەتی حسام الدین بوو.

وەلە عەینی ئەو حالە پڕ لەماتەم و داخداری یەدا باوکم مەرحومی شێخ سادق کە لەوپەڕی خەفەت و پەژارەدا بوون، وە ئارە حەتی یان لەو پەڕی تەواناد بوو کە فوقی تصور بوو.

حەزرەتی پیر بەکەمالی فەصاحەت و نەزمی کلمات بە دڵ ئەوایی و دڵخۆش کردنی ئەوان خەریك بوو، وە ئەی فەرموو

خەم مەخۆن و ئارەحەتیش مەبن، دڵنیابن هەروەکوو لە حەیاتی خۆما چاودێریم کردوون، وە خەمخۆری ئەیوە و خزمان بووم، بە تایبەتی بۆ هەموو مریدان بەگشتی لەدوای کۆچ کردنیش بۆعالەمی بەرزەخی مامەت عەینی ئەو چاودێریتانە هەر لە ئەزەرمانە، دڵنیابن من بەوەعدەی خۆم وەفا ئەکەم خاترجەم بن بەم وادەمە.

وە ئەمیشە بزانن کە حەزەراتی پیران و شێرە پیاوانی بێشەی توحید لەگەڵ ئەوەشا کە بەهەفادی (کل نفس ذائقة الموت) مالی دنیای خانی چۆڵ بکات لە کاتی دیاری کراو دا ماڵ ئاوایی خۆی بکات.

بەلام هەرگیز ئەم بستە خاکە پەستە نابێتە ڕێگر لە ئەرواحی مقدەسەی دۆستانی حەق جل و علا وەئەوانە بەچاوی خەلکی تر نابێ سەیر کرێن حق تعالی لە کەلامی مەجیدی خۆیا ئەفەرموێ: (ولا تحسبن الذین قتلو في سبیل الله امواتاً بل احیاء عند ربهم یرزقون) [1]

---

[1] لازمە ئەم ئایەتە لێرەدا بلوسرێ:- رجال لاتلهیم تجارة و لابیع عن ذکر الله (مولانا خالید)

[2] کل نفس ذائقە الموت: یانی هەموو ئەفسێ ئەبێ شەربەتی مەرگ بچێژێ

ئەگەر یەكێ بلێ مەبەست لەم ( سبيل )ە لەوئايەتەدا شەهيد بوونە لەغەزادا و بەردو ڕووی كافر وەستانە. وە مەبەست كوژرانە لە جيهادی كافرا وەئەمە هەر بۆ شهدای معركە ی كفارە.

بەڵێ ئەمە ئاشكرايە و جێگەی دوودڵی و ترديد نيە، بەڵام ادعای حصری دەلالەتی مەعنای كەليماتی ئەم ئايەتە كريمە هەر لە عەينی مفهوم دا جێگەی باس وتەحقيقە.

ئەگەر قودرەتی ئەزەلی و قەڵەمی لەمیزل ی چاوی ئينصاف و بينايی و بەصيرەت بۆ هەركەس لە بەندەكانی حەق بكاتەوە. وە بە عينايەتی خەلاقی يەتی خۆی بەشێ لە حقايق و عيلمی لدن ی خۆی پيشان بدات فەهمی غەيری ئەم مەعنايشە بەجوانی واضح ئەبی وبەتەواوی ڕوون ئەبێتەوە.

وە هيچ تەناقوض و نارێكی يەك دروست نابێ، هەر وەكوو حق تعالی جل شأنە لەئايەتی تر لە سوورەتی عنكبوت دائەفەرمووێ:

( والذين جاهدوا فينا لنهدينهم سبلنا و ان الله لمع المحسنين ) چونكە نايل بوونی شەهيدان بەشەرەفی شەهادەت وەژينای پاش مەرگ و ڕێزلێگرتنيان بە ڕۆژی پێ دانيان لەبەرزەخی مەمات، لەحەقيقەت و نفس الامرا بەهۆی پەيڕەوی كردنی ئەوانە بە حەزرەتی سەرداری عالەم و رسولی اكرم محمد المصطفی صلی الله عليه و سلم.

وەهەروا ئايەتی ( قل ان كنتم تحبون الله فاتبعوني يحببكم الله ) شاهيدی ئەم مەعنايە يە. وە ئاشكرايە دايرەی جيهاد لەڕێگەی خوادا وە پەيڕەوی حەزرەتی فەخری عالەم محمد المصطفی صلی الله عليه و سلم.

---

(٣) ولا تحسبن الذين قتلوا: وامەزانن ئەوانەی كە لەڕێی خوادا شەهيد ئەكرێن لەساحەی غەزادا مردوون، بەڵكوو زيندوون و بەختەوەری هەتا هەتايان بەدەست هێناوە

بەرین تره لە ڕێگەی حصر کـردن  و کـوردت هـەڵ هێنـانی بـیّ دەیقـەتان و کۆمـەڵێ  بـیر تـەنگان و کوتا فیکران.[1]

زیـاد لەمیشـە زۆر لــە عولــەما و زانایـانی ظـاهیر و محققینـی راسیخ  خۆیـان بــە مخلـس و مونتەسـینی ئــەم بزورگەوارانــە ئــەزانن.  وە بەنصـی حـدیث مـەرەکب و دەواتـی ئـەوان لــە ڕۆژی قیامـەت دا  لەگـەڵ خـوێنی شـەهیدا موقابیـل و بەرامبـەرە و بـەڵکو زیـاتر ئەوەسـتێ ، چـەجای ئەولیاو  مقرەبانی کیبار ئەبێ پایـە بـەرزی ئـەوان چۆن بیّ!!! وەهـەر چـەند ئـەم بەیانـە لـەدڵی هەندێ لە عەزیزان و برادەرانـی خۆشەویسـت قورسـی یـەکی ببێ بـەڵام جـێ ی  تـأسـف و داخ نیـە ، چونکە هـەموو پرسـیار و نمونـە و نیکـاتی دینـی ئـاشکرا و ڕونـاکی ئیسـلام ئـەبێ بـەتای شـایەنی ئـایـات و ئـەحادیثـی  شـەریعەتی غـەڕراو سـەنگین و قورسـی ئیسـلام  بکێشـرێ وەلەڕێگـەی دەرکـی حەقایق و  پەی بـردن بـە قـوولایی مەسـائیل و ئـەوزاعی موسـڵمانان لـە سـنوری توانـاو دەسـەلات ( امکـان واسـتعداد ) دا بـیری لـێ بکرێتـەوە بـە پێی حەدیسـی ( مـن  عمـل بمـاعلم ورثـه اللـع علـم مـایعلم ) تـالـە ئەسـەری هـەوڵ و کۆششـی  دروسـت کردنـی عەقیـدە و حوسـنی نیەتـەوە ڕۆچـنی لەدەریاچـەی عیلمـی لـە دونـی ( زانسـتی خـواکردی )[2]  ڕوو بـە  پە نجـەرەی دڵـی بکرێتـەوە. ئـەوەی کە فهم ئەکرێ بـەدی و مەشـهود بـێ وە ئـەوەی کەلەمـەزاقیا تـالـە بەشیر ینـتر لەشـەهد و شـیرین وە بە خۆشترین تـام و لـەززەت بگـەڕێ، وەئـەوەی زانسـت و دەلیـل بـە عـیلم ئـەیزانێ عەیانـەن بـەدیتن بزانێ.

---

[1] وەحەزرەتی ضیاءالدین قدس سره نەخۆشینی فەوتی سك چوون بووە معلوم مەرگی مسلمان بەشێوەیە بەلای عولەما و عاریفانەوە دەرەجەی شەهادەتیان بۆ قایل فەرمووە، وە لە پێش فەوتیان قەسیدەیەکی نەزم فەرمووە ئەم دێرە، نمونەیەتی :-

کەدیم خوێن جاریە ئیمرۆ لە جەرگو دڵ وەکو سێلاو

ووتم ئەم شاهیدە کافی حیساباتی قیامە تمە

( مولانا خالید )

[2] عیلمی لەدونی :- زانستی خوا کردی و خەلاتی پەروەردگار

وەلەم جێگـە دا ئێمـە قسـەمان لەکـەم فـەضڵی و کـەمی شـەهید یـان تـەفضیل و گـەورەیی ئـەوان بەسەر ئەولیادا وەیان بالعکس نیە بەڵکو مقصود و مەبەست شك لابردنە ( دەفعی رەیب ) .

کەحصری مفهوم و مقصود لەم ئایـەت و حـەدیثـانـە دا ئەکـەن، کـە داوای ئـەوان تـەنیا ئـەو مانایـە ئەبەخشێ و ئیتر هیچی تر، وەرنە ئەم باسە زۆری پێ ئەوێ.

لەمەزهـەبی ئـەم بوزرگانـەدا سـەردانان لـەو رێگایـەدا ئـەوەڵ قـەدەم بـەڵکو بـۆ ئـەهلی عیشـق و موحەببەت لە رێگـەی گەیشـتن بـە معشـوق و جـەلبی رەزای محبـوب، گیـان بـەخت کـردن کـە مترین قیمـە تێکیشـی هـەر نیـە ، سـەرەرای ئەمانـەیش لـە کتێبـی شـەرعا دیـاری کـراوە ئەگـەر کەسێ لەرێگەی عیشقی محبوبی مجـازی دا مـەنزلگای ژیـانی خـۆی بەمـەرجی راسـتی و پـاك داوێنـی بـبڕێ پلەی شەهید ئەبات وەك ئەفەرموێ:-

(مَنْ عَشِقَ وكتَمَ وَعَفَّ وَ مَاتَ فَقَدَ مَاتَ شهيداً ) [1]

چەجای ئەوانەی کە بـۆ گەیشـتن بـە مـەقامی عبودیـەت وەبـەرێ ی رەزای مقصـود و محبـوبی حقیقـی بۆ هـەموو تەمـەنیان و بەدرێـژی عومریـان لەگـەڵ دوژمـن تـرین دوژمـن جیهـاد ئەکـەن وەبـە رۆح و ماڵ و ئەحواڵ لەم رێگەدا درێغییان نیە بە مەبەستی هەرە گرنگی خۆیان.

هـەروەکو اصـحابی کـرام رەزای خوایـان لـێ بـێ کـاتێ کـە لـە غـەزای کـافر هاتنـە وە پێغەمبـەری موبارەك فەرمووی پێیان (( گەڕاینەوە لە جیهادی بچووك بۆ جیهادی گەورە )) کە ئەفسە. [2]

ئیتر بابەجیهادی ئەکبـەرەوە مشـغول بـین کـە دوژمـن ترینـی هـەموو دوژمنانێکـە. ئاشکرایە ئەگـەر لوطفی خوا دەرگـا لـە چـاوی بینـا بکاتـەوە، وە دیـدەی انصـاف بـۆ هەرکـەس گوشـاد بکـا بەچـاکی

---

[1] هەروەکو مەحوی علیه الرحمه ئەفەرموێ:-

تانە بووری تۆ لەسەر رێ ناخەیە مەیدانی عەشق

سەر لە پێشی پێ ئەبێ لەو رێگە دانێ ی ئەووەلا

[2] وەکو فەرموودەکە ئەفەرموێ:- رجعنا من الجهاد الاصغر الى الجهاد الاكبر

تێنەگا کە جیهاد لەگەڵ کافرانا ئەمرو فرمانێکی ظاهری یەو لە ڕوودایە، وە ئەو کەسە کە جیهادەکە ئەکا بەرامبەر دوژمنەکەی ئەسبابی شەڕو چەکی بەرەنگاری هەیە وە ئەتوانێ کە هەر ئەبێ خۆی لەدەس ڕزگار بکات و گیانی خۆی بپارێزێ. وەتا ئەو پەرسەروگیناى خۆی لە تیاچوون بپارێزێ، بەلاّم جیهادی نەفس بەرامبەری کردنە بەگەورەترین و بەهێزترین دوژمنی پەنهانی بەبێ ئەمەئەسبابێکی ظاهیری بۆ دیفاع مەوجودبێ جابڕوانە چەن جیاوازی هەیە لە میانەی ئەم دوانەدا وە چەند دوورن لە یەکترەوە.

وە ئەم مانایە بۆ کەسانێ کەلەرێی محارەبەی نەفسا چەند پێیەکیان دانابێ هەروەبەئاسانی ئەم قسەیانە بەلاوە ماقووڵە، بەلاّم بۆ کەسانی تر ئەبێ بڵێی : شنیدن کی بود مانند دیدن [1] شایەد ئەبێ لەمەزاقی خەیاڵی ئەوانا غەیری وەهم و خەیاڵ هیچی تر نەبێ وە دەرکی مانایانە بەلایانەوە زۆر گران و بەدڵەوە نەچەسپاوە. ئە مجار بچینەوە سەر بناغەی قسە: حەزرەتی باوکی عەزیز و دەستگیری گەورەم بێجگە لەوەی کە محبەتی باوکی لوطفی دەرحەق ئەم بێ نیشانەبوو زیاتر لەوان مەرحەمەتی بوو لەگەڵ من دا. لە تەمەنی ٥-٦ تا (٧) حەوت ساڵی یا بووم بۆ هەرجێ تەشریفی ئەبرد منی لەگەڵ خۆیا ئەبرد، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشابە ڕیعایەتی ئەدەب لەهەرمەنزاڵێکا کە حەزرەتی پیر ئەخەوت من نەئەخەوتم، وەلە سەرەتای منالیمە و حەدی تەمیزم سوپاس بۆ خوا وە بەیانی نیعمەتی خوا ئەکەم کە پێی عطافەرمووم کە ماڵی ئەدەبم نیسبەت بەباوکی ماجیدم بووە.

وەهەمیشە لەجەلبی ڕەزای خاتری موبارەکیا بووم، وە بۆ خۆشنوری ئەو بەهیچ جۆرێ دریغم نەکردووە. وە حەزرەتی پیری ماجیدم هەروەها ڕەفتاروفەرمایشتی نیسبەت بەم فەقیرە فەوقی ڕەفتاری شیرین و جوانی یەوە بووە نیسبەت بەباقی تروە ئەمتیازێ کە نیسبەت بەم هەژارە دەری بڕیوە جێگەی سەرسەمانی هەموو کەس بووە.

---

[1] یانی، کەی بیستن ئەبێ بەچەشنی دیتن!!!

بـەجۆرێ بـە خـەتی پـیرۆزی خـۆی نوسـیویەتی کـە حـاڵی حـازر ئـەو نامەیـە مـاوە، وە زۆر لە پەیوەنـدی داران بـەم طـریقەتـە ئـەم نامـەیان دیـوە و خوێندویانەتـەوە. وە ئـەو نامەیـە بـەم مانایە ( مضمونە ) فەرموویەتی :-ئـەم کـوڕی خۆمـە عثمـان لـە ئـەوەڵێ عـومری تـا ئێستا بـەظـاهر و بـاطن ( نهێنـی و ئاشـکرا ) بەتـەواوی مانـا لـە ئیطاعـەی منـابوە و لـە ژوور تصـورۆنیهایەتی ئەدەبی ڕاگرتووە، وەمن تـائێستا هیچ جۆرە ئازەزاییم لێی نەبوە و نیشمە.

وەهـەر کەسێ لەئـەولاد و خولـەفاو مریـدین لـە قسـەی ئـەو دەرچـێ لەقسـەی مـن و پیرانـی مـن دەرئەچـێ. و هـەرکاتێ هەریـەك لەئـەولادو خولـەفاو غـەیرە( خـەڵکی ) بـەهۆی سەرپێچـی و مخالەفـەوە وەیاهەرنـەوعێ دەسـتوری ئـەدەب، کـە باعـث و هـۆی نیگـەرانی خـاتری ئـەوە مـوجبی کوڕی خـۆم عثمـان بـێ بـەجێی بهـێنێ وە عثمـان عـاجز و نارەحـەتی لـەوە حاصـڵ بکـات سـەبەبی عجزوکـدورەتی خـاتری ئێمەیـە. والحاصـل چـە لـەحاڵی حـەیاتی خۆمـا، وەلـە پاش حـەیاتی مـن قبووڵی ئەوقبووڵی من و پیرانە وەدەرکراوی لای ئەو دەرکراوی ئێمەو پیرانە.،

وە عەینی ئەو خەتە بەیاد داشت نووسیومە وەمـەوجودە لـە کـاتی مجـالا هـەروەخت دەسـتم کـەوت بـە دیقلـۆبی لـەم جێگەیـەدا دای ئـەنێین. لـەواقیعا بـە لـوطفی خـوا لەهـەرجێ یـەکا حـەزرەتی پـیرم دانیشـتبێ دانـە نیشـتووم وە ئەگـەر لەفـەرزا عـاجزی و مـەلوولی یـەکی بـووبێ وە مـن دەرکـی ئەومەلولی یەم کردبێ بێ دەنگ بووم و سکووتم ئیختیار کردووە.

بێجگە لە میشـە لـە پاش لـەدایك بـوونم بـا پیری بوزرگـەوارم حـەزرەتی ضیاء الملة و الـدین ( قـدس سـرە ) چـەند جـار اظهـاری لوطـف و کـەرەمی کـردوە نیسـبەت بـەم گـوم نـاوە. و ئیشـارەت و بەشارەتی زۆر و متعددەی فەرمووە :-

کـاتێ ماڵیـان لـە ئـەترافی جـوانرۆ بـووە بـاوکی ماجیـدم حـەزرەتی علاءالـدین بـەرەو بـەغا تەشـریفی بـردووە.لـە پاش گەڕانـەوەی حـەزرەتی ضیاء نامەیـەکی بـەناوی مـن و مـەولانای بـرام مرقوم فـەرمووە، کـە ئەمـە دەقـی ئـەو نامەیەیـە بـەبێ زیـاد و کـەم لەمیانـەی ئـەو دوو کەوانـەدا ئەی نووسـم وەخطی بـۆ تـێرك دەرج ئەکـەم :- ( نـور چشـمان فرزنـدان بابـا شیخ عثمـان و بهاءالـدین

محمد خالد چشم بوسم خودا به نوری طريقت واصل مقام حقيقت راموافق شريعت به خير اباد. واصل داد فرزندان فاطمه و امينه و ثويبه چشم بوسم عفت پناهه خورشيده خانم سلام رسانم فرزنده نوری جهان خانم سلام رسانم. چشم شماهم روشن و گوش من روشن شما، علاء الدين راشكر به سلامت ديدند، ومن امدن اسمش راشنيدم

خدا روزی كند ديدار ديدن

فقير در خصوص كار شما به امير نظام اظهار نموده، وجناب ملا لطف الله راسی ماه بيست روز است روانه داشته ام عجب كه خبری نرسيد چه از خصوص مواجب چه از خصوص قريه ها چهزاخوا هش لطف و غيره بهمه صورت مستعدی شره ام تاخدارا چه مقدر فرمايد ).[1]

وەلەكاتێكا حەزرەتی باوكی بەڕێزم بۆلای جوانڕۆ (( (( عمـــــــــــرم ) تەشريف ئەبات ماوەيەك لەناوچەيەدا ئەمێنێتەوە چەند پارچە مولّكێ ئەكڕێ وەكو ( پرۆز، مامەندان، گەڕاو، بەرەوصەفيا، بارسيافا، مراد ئاوا ) و هتد. وە ئەی خاتە ژێر دەسەلأتی شەرعی خۆيەوە، هەروەكو بەر لە وە ئێمە هاتبينە دنيا چەن سەفەرێكی تری بۆ دەوروبەری كوردستان ( سنە ) و سەقز كردووە ناحيەكانی ( بەخشەكانی ) هەروەها. وەلەماوەی مانەوەی دالە و جێگايانە چەند دێ ی تريشی كڕيوە وەك : ( تازاوا، گولچيدەر، كانامات ،كانيعەت )

---

[1] لە كاتێكا نوری چاوەكانم ڕۆڵەكان بابە شێخ عثمان و بهاء الدين محمد خاليد چاوتان ماچ ئەكەم خوا بە نوری طەريقەت و گەيشتن بە مقامی حقيقت بە ميزانی شەريعەت بە خۆشی بتان گەيێنێ لە خێراوادا.

چاوی دادە خوشكان فاطمە و ئامينە و ثويبە ماچ ئەكەم، سلاّو لە خورشيدە خان ئەكەم، هەواڵ پرسی و سلاّوی نوريجان خانم ئەگەيەنم، چاوی ئێوە ڕۆشن و گوێچكەی منيش كە شوكرو سوپاس بۆ خوا بيسراوە علاءالدين بەسەلامەت گەيشتۆتەوە.

خوا ڕۆژی بكا ديدار ببينين

هەژار بۆ كارەكەی تۆبە ئەمير نيزامم ڕاگەياندوە، وەجەنابی ملا لطف الله سێ مانگوبيست ڕۆژە ڕەوانەم كردوە هيچ هەواڵی نەناردوە چەلەبارەی دێيەكانەوە چ بۆ داواكاری ئێوە و هی تر.

بەهەموو شێوەيە چاوەڕوانی ئەبم بزانين خواچی مەيل ئەفەرموێ ( عمرم )

بسام، گۆگجه، مانیدۆلْ)، لەگـەلْ ئـەم هـەموو موڵکانـە کەلـەو ناوچانەدا لـەژێر دەستی دابـوە بـۆ سەرپەرشتی کردن.

باوجودی ئەم هـەموو ئـیش و کارانـە هـەر وەخـت نووسـیبێتی بـاوکی ماجیـدم دەس بـەجێ ئیطاعـەی فـەرمووە وازی لـە هەمووشـت هێنـاوەو هاتۆتـە خزمـەتی تالـە ئـە نجاما هەنـدێ لەومولکانـەی فرۆشـتووە. ئـەوی تـری لـە ژێـر دەسـەلاتی داماوەتـەوە، لەئـە نجام و ئاکـامی ئـەو هـەموو هـاتوو چۆیەدا حەزرەتی ضیاو چەند جار فەرموویەتی :-

کوڕی خۆم علاءالدین من ئەوەنـدە کـە تـۆ بـەم لاولادا هـەموو جـارێ ئـەنێرم وە دووبـارە ئەنێرمـەوە بەدواتاو ئەت نێرمەوە مەبەستم ئەوەیـە کـە لـەهیچ جێیـەکا بـەدڵنیایی جـێگیرو جـێ نشـین نـەبێ، وەهەروەخت کەمن ڕۆییم تۆ بە ئاسوودەیی لەجێی منا دانیشی.

تاکـاتی ڕای پـیرۆزی لەسـەر ئـەم بڕیـاری فـەرموو کـە موڵکـەکانی لەمیانـەی کورەکانیـا دابـەش بکـات وە هەریـەک لـە براکـانم بەشـی خـۆی بـۆ دانـا، دوای مـاوەیەبەشـی مـەولانا ی برامـی وەرگرتـەوە، وە هێشتابەشـەتازەکەی بـۆ دیـاری نـەکردبوو، مـەولانای بـرام لەوپـەڕی ناڕەحـەتی دابوو[1] هـەموو شـەو ئەچـوومە خزمـەتی وە ئـەم بەحسـمە دایـر ئـەکرد و باسـەکەم ئەهێنایـە نـاو ناوانەوە، تالە کۆتایی دا کە ئەگەیشـت بـەم ووشـانە هەسـتم ئـەکرد کـەبێ تاقـەت ئـەبوو، منـیش بێ دەنگیم ئیختیار ئەکرد وە عەرزیم ئەکرد:

موڵکی من ئاشکراو دیاری یە کەچـی یـە، بەشـی مـن ڕەحمـەت و شـەفەقەت و هیمـەتی پـیرە، وەئـەوە کەس نـاتوانێ لـەدەس منـی بسـێنێ، موڵکـە کـانی بەنـدە بـە براکـانم بـدەوە هیمـەتی حـەزرەتی پیر شاملی حالی بێ....

---

[1] جەنابی شێخ خالدی شێخ نظام الدین لە یفەرموو: اشهد بالله لەو کاتەدا ئاگاداری ئەوحالە بووم و خۆم لەوێ حازر بووم وەلە بیارەی شریف بە شێوەی ئەفتێ یەتی ئەم خوێند کە حەزرەتی شێخ عثمان لکای بۆ جەنابی مولانائەفەرموو.

خولاسە :- ئەوەی کە نیهایەتی قووەت و تاقەتی رەسمی ئەدەب بێ لەدەستم نەداوە. جارێ لەتەمەنی ٨ هەشت سالی دا بە تەقدیری خوا کە سالێکی زۆر سەخت و زستانەکەی زۆر سارد بوو، سەرماو سۆڵەی ئەو پەڕپایەی شیدەت و سەختی و ناڕەحەتی گەیشتبوو، بەهۆی بارینی بەفری زۆردوە خەڵك بەدەستی خاڵی ئەچوون بۆ گرتن و ڕاوکردنی نێچیرو کەوو گیاندارانی تر.

جاچونکە لەهیچ لایەکەوە جێگەو پەنایە بۆ نێچیر نەمابووەوە ڕۆژی تاسنوری ١٠٠٠ هەزار لەهەمە چەشنەی گیاندار بەدەست ئەکەوت، وەمن وەك ئەم ئەتوانی ڕاوبکەم ئەچووم و سەیری ڕاوکردنی خەڵکم ئەکرد لەدەرەوەی ماڵی خۆمان لەبەرسەرمادا ئەمامەوە، تالە ئەنجاما بووبەهۆی تووش بوونم بە بە نەخۆشی (تێفۆ گرانەتا) بەشیدەت نەخۆش کەوتم وەئەونەخۆشی یەم درێژەی کێشابە جۆرێ کە هیوای مانی منیان بڕی بوو.

وە حەزرەتی پیری زۆر گەورەی باوکم وە دایکی محترمی دڵسۆزم چەن جارێ بۆ شیفایانی من صەدەقەو خێرۆ مەولودی حەزرەتی سید البشریان بە فقراو هەژاران دابوو.

وەماڵی زۆری خۆیان ڕۆنیەتە بەموستەحقان گەیاندبوو، ئینجا لە پاش ئەوەکە خوا شیفای عەطا و خەلآت فەرمووبوو شێخی باوکم ئەی فەرموو:-

لەگەڵ ئەوە کە حەزرەتی سراج الدین و ضیاء الدین مزگێنی و مژدەی شیفای عثمانی کوڕمیان فەرموو بوو بەلآم لەبەر ناڕەحەتی و مەلوولی خۆم هەروەکوو ئەو مژدانەم وەرنەگرتبێ وابوو. دیسان ئەی فەرموو: هەرەکاتێ مشغول ئەبوم لەکاتی موڕاقەبە و دیتنی خەودا وەهام ئەهاتە بەرچاو کە ڕووبارێکیمان هەیە سێلآوێکی زۆری هاتبوو لێل و بەسام و خەتەر ناك بوو، منیش ئەم ویست پردێکی لەسەر دروست بکەم، لەهەمان کات دا لە ئەرواحی پیرۆز و مقدەسی ئەولیای خواداوای کۆمەکی و ئیستیمدادم ئەکرد بۆ ئەوە کە بتوانم پردێکی وادروست بکەم ئەوەندە مەحکەم و پتەوبێ کەلەخەتەری ئاو بێخەم بین.

وه‌واجب‌ی که‌له ئه‌رواحی بوزورگان زۆریان حازرن وه‌مه‌شغوڵن که‌له حه‌قیقه‌تی لاحول ولاقوه الا بالله و اسماء الله و ئایاتی قورئانی پیرۆز و مجید که مفهوم و موناسه‌به‌و په‌یوه‌ندی‌یه‌کی تایبه‌تی به‌م مه‌وزوعه وه هه‌بوو بزمار و مێخی زۆریان دروست ئه‌کرد و ئه‌یان دابه ده‌ستمه‌وه وه‌ئه‌یان فه‌رموو:-

ئه‌م مێخانه بده له پێکڵ و لاشه‌ی پرده‌که منیش لێم وه‌رئه‌گرتن وه هه‌رجێ یه به پێویست و موناسبم بزانیایه لێم ئه‌داومه‌حکه‌م دام ئه‌کوتی. تا ئه‌و پرده ئیتر له هێرش و شه پۆلی ئاو پارێزراوبێ ، کاتێ به‌هۆش ئه‌هاتمه‌وه ئه‌مووت:-

من بۆچی استمداد ئه‌که‌م به‌چه‌نیه‌تێ تێده‌کۆشم و چی ئه‌بینم ئه نجا له پاش ئه‌وه که تۆچاك بووی وه‌صحه‌تت هاته وه‌به‌ر وه‌خۆیشم له‌خه‌م ڕزگار بووم، بۆم ده‌رکه‌وت که پرد صه‌ده‌قه و خێری جاری نه براوه‌یه. وه ئه‌ولادی باش که له‌دوای وه‌فاتی دایك و باوك خێر و حه‌سه‌ناتی هه‌بێ بۆ باوکودایکی وه‌کوو پرد خێری نه‌براوه‌یه. ئه مجائه‌وبوزرگانه که ئیمدادو کۆمه‌کیان به‌سازکردنی بزمار و مێخ له‌و حه‌قایقه ئه‌و فه‌رموو وه به‌ده‌ست منیانه‌وه ئه‌دا ده‌لیلی خێر و شفاو صحیه‌تی تۆ بوو. وه ئه‌و هه‌موو لوطفه و بۆ کۆمه‌ك به چاك بوونه‌وه‌ی تۆ یان ده فه‌رموو ئه نجا عه‌ینی عیباره‌ت من له باوکی عه‌زیزی خۆمم بیستوه که چه‌ن جار به‌یانی ئه‌فه‌رموو:- وه‌هه‌روه‌ها دایکی دڵسۆزی خۆم به‌ده‌ریای ڕه‌حمه‌تی خوا شاد بێ ئه‌وه‌نده خۆشه‌ویستی و میهره‌بانی و ڕه‌حمیه‌تی بۆ من بوو تصور نه‌ئه‌کرا . ئه‌ویش مه‌رجی کردبوو وه په یمانی به‌ستبوو که ئه‌گه‌ر ئه مجاره عثمان ی کوڕم چاك بێته‌وه وه له‌م ناڕه‌حه‌تی یه ڕزگاری بێ یه‌ك قات له‌جاو خام[1] بپۆشم وه به‌شێوه‌ی سوالکه‌رانه ٧ حه‌وت ماڵ بگه‌ڕێم له‌هه‌ر ماڵێ نانێ سواڵ بکه‌م له پاشاسه‌گێکی ڕه‌ش بانگ بکه‌م وه‌له گۆشه‌یه‌ك دا ئه‌م نانه له‌گه‌ڵ ئه‌وسه‌گه و عثمان بخوم له‌دوای چاك بوونه‌وه‌م شه‌وێ له‌دێی سه‌ولاوا که ئێسته مرکزی ناحیه‌یه‌وه[2]

---

[1] جاو خام: جۆره پۆشاکێ بووه له‌شاڵی عادی.

[2] مرکزی ناخیه : جه‌رگه‌ی به‌خش

بەرامبەر بە( دوو ڕوە ) یەدەستی منی گرت لەحەوت ماڵ دا کە بەهۆی شیر پێدانەوە مەحردم بوون ٧ حەوت نانی سواڵ کرد، وە سەگێکی ڕەشی حازر کرد لوقمەیەکی نەخوارد و پارویەکی ئەدابەمن وە لوقمەیەکی ئەخستەبەردەمی سەگەکە ئەی خوارد.

وا قاتێکیش پۆشاکی لەشاڵ و جاو خام دروست کرد لەبەری کرد. دیسان پێش ئەوەی من صیحەت پەیدابکەم وەچاك ببم یەکێ لە پەیوەندی دارانی ئەم بلند و پایە بەرزو علیە ( ملا عبدالرحمن ی ڕووداری )ی ناوبوو لەبەردەست حەزرەتی پیروباوکی خۆشەویستم پێگە پێووەبە پایەی خەلافەت قایل بوو.

ڕای سپارد بوو لەدایکی دڵسۆزم کە تکا ئەکەم وە بەبێ ئەدەبی نەزانێ ئەو مەنزڵە کە شێخ عثمان لەوێ ڕاکشاوە چۆڵی بکەن و بچنە مەنزڵێ تر، تامن نیوسەعاتێك زیارەت و عەیادەتی بکەم وەئەوەی لەدڵمایە بەنزاو تکا لەبارەگای ئەقدەسی تمنا بکەم شایەد تیری دۆعام لە نیشانەی قبووڵ بدات وەلاڵە و نزای عاجزانەم بەبەهرەی ئیجابەت نایل ببێ.

دایکم دەستوری فەرموو مەنزڵە کەیان چۆڵ کرد وەخەلیفە ملا عبدالرحمن هات ماوەی یەك سەعات سەری بردە موراقەبە لە پاشا زۆرێ لە دۆعای موناسب و ئایاتی قورئانی پیرۆزی خوێند...

لە پاش ئەوە ووتی: خوایە ئەو فلأن کوڕەم دابەتۆ کەببێ بەقەزاوەگێری مورشید زادەکەم شێخ عثمان وە بۆم بکەبە بەدەلی ئەم ( وەدیارە ئەو کوڕە لەدێی خۆیان بووکە ڕوداره ) بۆ سبەی بەیانی خەبەر هات کە کوڕی ملاعبدالرحمن بەبێ هۆیەکی دیاری و سەبەبێکی عارضی لەرزی لێ هات و ئەمری خوای بەجێهێنا.

کاتێ خەبەرەکە گەیشت بە ملاعبدالرحمن سەجدەی شوکری برد و شوکر و سوپاسی خوای کرد کە دۆعاکەی قبوڵ بووە. وەهەرگیز نارەحەت و دڵگیر نەبووە.

حەزرەتی پیر و باوکی بەڕێزم جار ئەوی فەرموو : من تەنیا مرید و نیوێکم هەیە ، مریدەکە ملاعبدالرحمن و و نیومریدەکە ملاعبدالله کوڕی موحومی ملا نظیری گەورەیە کە مشهورە، وەزاوای سراج الدین بووە ( قدس سرە ) کە باوکی ئەم ملانظیری ئێستەیە جا ملاعبدالله یش ئەهلی دەرك و جەزبە بوو.

شتێکم بەچاوی خۆم لێ دیوە کەئەمەیە :- مرحومی ملاعبدالله و هەردوو خوالێ خۆشبوو حاجی ملاعبدالرحمن ی روداری و (1) خەلیفە محمد کریم هەورامی

لە مەنزڵێکا مەشغوڵی سلووك و ڕیازەت بوون، ملا عبدالله مجزوب بوو، وەبە حاڵەتی جەزبەو توندی یەوە بۆ دەرەوەی مەنزڵەکە پەڕی وە تادەمی مەنزڵی والیدی ماجیدم گەیشت خوا شایەتە پێی نەخستە زەوی، و لەو مەنزڵەوە تا مەنزڵی حەزرەتی پیر ١٠ مەتری ماوەی بوو، وە ئەم ماوەیە هەر بەسینە بڕی وەبەم دووچاوە شایەتی ئەم حاڵەتی ( خرق العادە )یە بووم .

---

(1) لێرەدا بەجوانی ئەزانم کە ئەم کەرامەتەی پیری دەستگیر بگێڕمەوە:- جەنابی ملا عبدالله ی لاجانی متخلص بەفەنایی خاوەنی عقڵ و ژیری و وەفا و دانش بۆی گێڕامەوە فەرمووی:- کاتێ باوکی شیرین و دایکم لە زیارەتی شا عثمان گیان لە دووڕوەی پیرۆز گەڕانەوە خەوێکم دی کە شادەماری لای راست و چەپم لەیەکتری ئاڵابوو، دەماری لای رساتم نوشتایەوە و وشك بوو بەڵام لای چەپم بەلاری کەوتە وەکار، کاتێ حەزرەتی پیر فەرمووی مجتهدی تەلەفۆنی کردووە کە باوکت نارەحەتە بچۆسەرێکیان لێ بدە زانیم کە باوکم نەماوە بەڵام دایکم نارەحەتی پێ هاتوە بەڵام هەرماوە. کاتێ چووم لەڕاستی دا باوکم قەزاوبەلای حەزرەتی شێخی بردبوو وە لە سەرقەبرانی شێخ حەمە باقر بەخاك سپێردرابوو دایکیشم لە بیمارخانە دابوو ئازاری هەبوو. وەختێ من و جەنابی ملا رسولی مە نماوی لەسەر مەزاری باوکم دانیشتین زۆر نارەحەت بووم بەتایبەتی لەبەرتانەو لۆمەی خەڵکی.

پاش ماوەیە چاولێکنان دیم کۆمەڵ کۆمەڵ لە بوزرگان بە سواری ئۆتۆمبێل تەشریفیان هێناونزیکی مەزاری بەتایبەت هەندێکیان لووتی ئۆتۆمبێلەکانیان نابوو بەکێلی قەبرەکەی باوکمەوە، لە پاشابینیم کە حەزرەتی رسول اکرم ( صلی الله علیە وسلم ) بەسوارێ ئەسپا لەهەوادا لەسەر قەبرەکەی باوکمەوە تەشریفی وەستابوو بەچەفتە و عەگالەوە ٣٠٠ سێ سەد میترێ دوور لە تیلەی چاوی موبارەکی یەوە مەرحەمەتێکی فەرموو قەبرەکە شەق بوو پڕی کرد لە نوور و سەر لێ وانی فەرموو، وە هەموو نارەحەتی و بێ تاقەتی بوو لێ کردەوە، ئەمجا پێغەمبەری موبارەك بە سواری ئەسپەوە تەشریفیان ئۆغریان فەرموو،دوایی کۆمەڵێ بوزرگان یەك بەدوای یەك ئۆغریان کرد بەڵام لەکاتی ڕۆشتنا لەسەرتە پێ خواحافیزیان لە حەزرەتی شێخ ئەکرد....

جارێ ترله بیاره بووین حەزرەتی پیر منی داوا کردبوو وە فەرمووی:- ملاعبدالله تکای لە من کردووە کە تۆ بنێرم توجه لەو بکەیت منیش لەسەر فەرمایشی وە فەرمانی شێخ ی باوکم ڕۆیم کەلە گەڵ لەدەرگای خانەقا نزیك بوومەوە لە خەیاڵی خۆما ووتم:- ملا عبدالله ئەهلی سەیر و سلوکە ئەحواڵ و ئیدراکی هەیە چاك وایە بۆ کۆمەکی توجه لە ملاعبدالله لە ڕۆحیانەتی حەزرەتی پیر ئیستمداد داوابکەم تابۆ ئەنجامی ئەم کاروباریانە شێخی باوکیشم لە ڕۆحیانەتی حەزرەتی سراج الدین (قدس سرهما العزیز) ئیستمداد بفەرمووێ کە لەکاتی توجه لە ڕۆحیانەتی ئەم زاتە بۆ کۆمەکی و مەدەد گەیاندن بەسەرمەوە حازربێ.

کاتێ گەییمە دەرگای خانەقا دیم مرحومی ملا عبدالله لەناو حەلقەی خەتما دانیشتووە، و ڕوویەڕووی من هاواری کرد و مجزوب بوو، وە لەوکاتەدا ووتی:- حەزرەتی سراج الدین لەگەڵیایەتی و بەسەر سەریەوە دانیشتوە وە ئەو خەلیفە محمد کریم هەورامی یەکە ناومان برد لە هەورامانا بەتایەفەی حەمەریان ناسراوبوو لەراستی دا ئەوەیش ئەهلی دەرکو صفا بوو. هەردەم ژیان و کاتی خۆی بەزیادکرد فیکرۆ خەریك بوو، وەلە خولەفای حەزرەتی ضیاء الدین بوو.

وەلە پاش وەفاتی حەزرەتی ضیاء فەوری خۆی تەسلیمی حەزرەتی باوکی عەزیزم کردووە، وەهەمیشە هەرسێ ناوبراو (مرحومی ملا عبدالله و حاجی ملاعبدالرحمن[1] روداری و خەلیفە محمد کریم هەورامی) لە حوجرەی شانشینی خانەقای دووڕوو خەریکی سلوك و مەشغوڵی

---

[1] منیش لەنەفسی ملاعبدالله ی لاجانی و غەیری ئەویش بیستوومە کە شێخی حازری ئەی فەرموو بە جەنابی مامۆستا ملاحمە امین: کاتێ خەلیفە ملاعبد الرحمن ئەهات مەنزڵێکی تایبەتی بۆ ئامادەئەکرا لەوێ مەشغوڵ ئەبوو ئارامگای تایبەتی خۆی بوو، جار جار سەرم ئەدا نیسبەتێکم لەوێ دەرك ئەکرد زۆر عەجایب و غەریب و رایحەی عجیب، وەلە ملا عبدالله م بیست نیسبەتێ بوو کە لەززەتی بە هشتیش وانەبوو عەتر ئامێزی بوو.
لێم پرسی ئەمە ئەسەری چەزیکرێکە، فەرمووی زیکرنیە، ئەمە لە سایەی باوکی عەزیزت و ئێوەوە هەر ڕۆژێ ٣ سێ جار بە حضوری پێغەممەری (صلی الله علیه وسلم) ئەگەم، وەئەمە لە بەقیمەی ئەو فیوضات و بەرەکاتی ئەوەوەیە کە ئەوبە حضور گەیشتنە یە.

کاروباری طەریقەت بوون. وە لەوکاتا من لەگەڵ مولانای برام و کوڕەکانی مەلا شمس الدینی کوڕی مەلا حامیدی کاتبی تایبەتی حەزرەتی سراج الدین بوو.

وە بەتەواوی مانای ئەهلی عیلم و انشا و ئەهلی تصوف و مەعنا بوو کە مەشغولی دەرس و دەور و خوێندن بووین کە ئەڵبەتە هەروەها هەندێ لە منالانی ناو دێ یش لە خانقا ئەیان خوێند، ڕۆژێ لە نزیکی خانقا مشغولی قرأن خۆندن بوون خەلیفەی حمە کریم ئەویش لە نزیکمانەوە لەچکێکی بەسەر خۆی دابوو مشغوڵ بوو.

ناکا یەکێ لە کوڕەکانی کە قورئانیان ئەخوێند خەلیفە حمە کریم بەزمانی هەورامی دەنگی دا و بانگی کرد ووتی:- بابەلێ گێلۆ دماوە غەڵەت واتا یانی:- بابەلێ بچکولە قورئانەکەت بەهەڵە خوێند بگەڕێ دواوە ئێمە ووتمان بە خەلیفە حمە کریم تۆ ئەهلی سەوادنیت وە هیچت نەخوێندوە چۆنت زانی کە قورئانەکەی بەهەڵە خوێند.

ووتی:- خۆی لەکاتی قرأن خوێندنا نوورێ بەسەر سەریەوە بەرز ئەبووەوە قطع بوو ئەما ئیتر زانیم بەهەڵە خۆندی بۆیە ئەماوبرا. وەهەروەها جارێ تر: حەزرەتی ضیاء الدین لەیەك نەفەر بەناوی-ڕۆستەم- عاجز و دلگیربوو، وەلەبەر ئەوەی ئەسڵی باسەکە گرنگی یەکی وای نەبوو لە ئەزەر خۆیا کە خۆی واریدی کارەکە کە ببێ یازەرەرێ بەو بگەیەنێ ناردی یەلای خەلیفەکان کە ئەمشەو متوجهی ڕۆستەم بن و بۆی دانیشن ودبەسزای کرداری خۆی بگەیەنن.

ئەڵبەتە ئاشکرایە ئەو گەورە گەورانە کە لەیەکێ زویر ئەبن بە هۆی ئازاردانی خەڵکی یالادان لەسنوری شەریعەتی موبارەك. وەبەهەر حاڵ تاشایانی ئەوە ئەبن قسدی زەرەریان ناکەن.

خولاسە: لەوکاتەدا هەرچی لەخانەقا حازر بوون لەسەر فەرمانی حەزرەتی شێخ عمر ئەو شەوەدانیشتن و سەریان بردە موراقەبەوە تابزانن بەچی ئەمر و شێوەیە ڕێگەی ئیجازەدانی ڕۆستەم بۆ ئەوان دیاری کراوە، وەلەسەرچاوەی کردار و فرمان چی فەرمانێ بۆ ئەوان دیاری

ئەكرێ لەدوای ماوەیە مشغولی هەریەك شتێ ئەبینن ئەگەر هەمووی بەیان بكرێ ماوەیەكی پێ ئەوێ ، بەلام لێرە هەریەم نموونەیە كۆتایی ئەهێنین:-

خەلیفە حمە كریم لەهەمان شەوا ووتی: لەحالی موراقەبەو بێ خودیان یەك تەشتی پڕی گەورە ئاو یان هێنا و لەبەردەممادایان نا، یەك تیر و كەوانیان دابەدەستمەوە ووتیان ئەبێ تیرێ بتەقێنێ بەناو ئەو تەشتە ئاوە، منیش بێ وەستان تیرێكم هاویشتە و دام بەناوەڕاستی ئەوتەشتە ئاوە، لە پاشا بە خەتێكی ئاشكرا بەسەر ئاوەكەوە كەلە تەشتە كەدا بوو نوسرا خوێنی ڕۆستەم. وارێكەوت لەهەمان شەوا ڕۆستەم ناو لەگەڵ چەن هاوڕێ یەكی دا بۆ ڕاو ئەچن یان هەرچی، لەهەمان كاتایەكێ لەنزیكانی خۆی ئەیكوژێ. وە چونكە ناوی ملاحامد مان برد بە موناسەبەبێ نابێ ئەگەر بەعزێ لەئەحوالی ئەویش بەیان بكەین تا كەسانێ كە ئەهلی انصافن وە كەسانێ كە داواكاری دەركی حەقانیقن بزانن:-

كەسانێ كەلەرێی كەسبی محبەت و معرفە الله دا لەكاتی خۆی بۆ گەیشتن بەمەبەست و مقصودی حقیقی خۆی تەسلیمی مورشیدی راستەقینەی وەقت ئەكەن، وە لەطریقی شەریعەتی غرّاد اتباع و پەیرەوی اصحابی كرام (علیهم السلام) وەلە سەربەجێ هێنانی نیەتی خۆیان وەكوو مردوو لەژێر دەستی مردوو شۆرا (كالمیت بین یدی الغاسل) لە ژێر تەربیەتی مرشد سەلبی هەموو جۆرە اختیار و دەسەلاتێ لەخۆیان ئەكەن وە لەسایەی توجهات و پەروەردەكردنی پیری خۆیانەوە هەموو كاتێ شەو و ڕۆژێ خۆیان لەرێی سەیرو سلوك و مجاهداتی نەفس سەرف ئەكەن.

لە ئە نجاما لە ئەسەری ئیرشاد و پەروەردە و تعلیماتی ئەو مرشیدەوە بە مەقامێكی بالاگەییون و چەشنە انسانێكیان لێ هاتوتەدی كە بەشەرێكی مسالی پاك و چاكیان لێ پەیدابوە.

مرحومی ملاحامیدی بلیساری[1] بە حەقیقەت شەخسی عالم و عامل وە لەهەر روویەکەوە کافی و وافی بووە.

بۆ ماوەیە زۆر کاتب و نووسەری حەزرەتی سراج الدین (قدس سرە) بووە و ئەمری پێ فەرمووە بە هۆی استعداد و لیاقەتێ کە تیادیوە کە شەرحێکی زۆر جوان و دوورو درێژ لەمسوی بکەی!!!

عەرزی کردوە قوربان ئەمە زۆر بارێکی گرانە مەگەر حەزرەتی پیرهیمەتی تیا بکات. دووبارە حەزرەتی سراج الدین ئەمری پێ فەرمووە کە ئەبێ شەرحێکی پاراوو لایەقی لێ بکەیت.

ئەو خوالێ خۆشبوە بە دڵنیایی یەکی تەواو وەبەهیمەتی پیرانی ئەو حەزرەتە دەست ئەکات بەدانان و نوسینی شەرحی مثنوي وە لە دووسێ بەرگی قەتوور و گەورەدا لە ماوەیەکی نیسبەت کەم شەرحی معنوی مثنوی بە تەواوی تەواو ئەکا کە لەراستی دا شەرحێ عەجیب و سەیرە وەلە حەقیقەتا پەسەندکراوی ئەهلی معنایە چونکە ووردەکاری عیبارەت و رستەونیکتە و رموز و هێماو ئیشاراتی جەلبی ئەزەرو سەرنجی حەزرەتی سراج الدین وباقی تری بۆ خۆی راکێشاوە .دوبارە حەزرەتی پیر فەرمانێکی دووبارەی پێ ئەفەرمووێ:-

---

[1] مرحومی ملا حامید لە ریاض المشتاقین داوە هەروەها مرحومی شێخ محمد سەمڕانی لەوەوە ئەی گێرێتەوە لە بارقات السرور دا ئەفەرموێ:-
حەزرەتی سراج الدین لەکاتی فەرمایشتا گیری یەك لە فەرموودەیا دیاری ئەکرا عەرزیان کرد لە ئەسەریچی یەوەیە زمانت وایە؟
فەرمووی مۆرێ لە عالەمی ئەعلاوە بەرەسمی قبووڵ کراویم بەسەر زمانم دانراوە هەمیشە ئەمە لەئەسەری ئەوەوەیە.
عەرزی ئەو عەزیزە کرا سەجعی (شێوازی) ئەو مۆرە چی یە؟
فەرمووی:- بەندەی خوا عثمان.
وە خۆم دانیشتبوم کە جەنابی علامەی مرحوم ملا عارفی بانەیی کە مشهورە بە ملا عارفی پێنجوێن پرسیاری لە حەزرەتی شێخی علاء الدین (قدس سرە) کرد لەسەروی مقامی قطبیە ت و غوثی یەت بەرەوژور تر هەیە؟ لەوەلاما فەرمووی بەڵێ: مەرتەبەی -- عبودیەتە-

کەلەبارەی سەفەری ابوعبد الله مولانا خالیدی ذی الجناحین ﴿قدس سره﴾ بۆ هندستان وە ئەوەی کە لەدووری ڕێگادا بەسەری هاتووە تابە خزمەت حەزرەتی شای دەهلی گەییوە بیخاتەسەر لاپەڕەی دەفتەر و بینوسێ.

وە هەرچی ئەماوەی مانەوەی لە دەهلی و گەڕانەوەی بۆ ناوچەی کوردستان لە کەڕامات و خرق العادە بۆ کە ڕامات بەقەئەمی ئیخلاص لەسەر لاپەڕەی ئیرادەت دەرجی کات و بێ نووسێتەوە.

هەروەکو بەیانی کەمێ لەوەقائیع و موشاهەداتی چەرخی خۆمان دیسان خاڵی لەمەسلەحەت نیە . ئەلبەتە معلومەکە مەبەستی حەزرەتی شێخی سراج الدین ( قدس سره ) لەئەولاد و ئەرشەدو خانەدانی خۆی بووە. ( ئەلبەتە معلومە ) ئەگەر بەموناسەبە ناوی چەند کەسانێکی ترباس بکرێت بێ سوود نابێ.

دووبارە مرحومی ملاحامد [1] چەند جار داوای لێ بوردن ئەکات، وەحەزرەتی سراج الدین ( قدس سره ) تأکید ئەکاتەوە کەدەس کردن بە فەرمان بەرداری ئەو زاتە کارێکی زەروری و ناچاری یە .

ئەوکاتە بە پێی ئەمرو فەرمانی حەزرەتی سراج الدین ( قدس سره ) لە کتێبێکیا ( ریاض المشتاقین ) لەم باسانەدا ئەلێ و ئەیان نوسێتەوە وە بەڕێکوپێکی ئەیهێنێتە ڕیزی کتێبە بەرز و بەنرخەکانەوە، کە ئەمە ئارەزو ئاواتی هەر یەکێ لە ئەوە علاقەمەندانی ئەم خانەدانەیە، وە کتێبی ناوبراو ڕێک ئەخات لەسەر پێشەکی یەك و سێ باخچە و کۆتایی یەك : -

[1] لەکتێبی ریاض المشتاقین جەنابی ملا حامید ئەفەرموێ کە حەزرەتی شێخ عثمان سراج الدین جارێکیان فەرمووی:- هەرکەسێ گوناهێ بکات خەتێکی ڕەش بەسینە یادێت، ئەگەر تۆبەی کرد ئەی سڕنەوە. ئەمجا وەك برینێ کە خۆش بێتەوە ئاسار و شوێنەواری ئەمێنێ، ملا حامید ئەفەرموێ عەرزیم کرد بەچی بە تەواوی لا ئەچێ!!! فەرمووی : بەبەردەوامی لەسەر شەونوێژ.

باخچەی یەکـەم ( ڕەوزی یەکـەم ): وەرگێڕانـی ژیـان و خـەواریق و کـەراماتی قطب، قطب الاقطاب غوث الواجد حەزرەتی مەوەلانا خالیدی ذی الجناحین ئەنەخشێنیٚ و دای ئەرێژێ.

باخچـەی دووەم: لـە کـەرامات و ئـەحوالٚ و تەرجەمـەی ژیـان و نـەوزاعی حـەزرەتی سـراج الـدین و حاجی شێخ عبـدالرحمن و حـەزرەتی بهـاء الـدین و حـەزرەتی ضیاء الـدین ( قـدس الله أسـرارهم ) رازاندۆتـەوە.

باخچـەی سـێ یـەم:- لـەبارەی سـەلماندن و اثبـاتی حەقیقـەت و چـاکترینی پایـەی بـەرزی طـەریقـەی علیـەی صـوفیە، وەلابردنـی هەنـدێ لـەگیر و گرفـت و قسـەی نـەگونجاو نـاجۆرکـە لەچـەند کەسـێ لـەبێ بەشـان و بـێ بـەهرەکانی فیضـی حضـور بـەدی ئـەکرێ. وەلەباسکردنی دەرکی حەقیقەت بەیان و تألیف کردووە.

وە خاتیمەکـەی ( کۆتاییەکـەی ):- لەچـەند کاروبارێـك و شـتێکی هەمـە جـۆرە کۆتـایی پـێ هێنـاوە، وەچـەند فەرمایشـتێ لەمـەدح و ستایشـی حـەزرەتی سـراج الـدین بـەجێ هێنـاوە، مـن لەبیرمە نووسیویەتی:-

جـەنابی کـانی فیض و مـەعانی کلیلـی مـەخزەن و گە نجینـەی سـری نیهـانی وەکەمالـەش زێـوەری مۆری سەڵتەنەتی پـیری، جەمالـەش ڕەنگـی ایـامی جـەوانی صـاحبی حلیم و تـەمکین نـوری دەرجـی حەیا عثمان ثانی قدس الله سره و رضي الله عنه امین.

وە مەرحومی ملا حامید کوڕی مرحومی مـلا علـی بێسـارانی کەلـە شـاری سنەی کوردسـتانی ئێـران بـە حضـوری حـەزرەتی سـراج الـدین ( قـدس سـره ) مشـرف بـووە. و شـەیدایانە کراسـی ئیختیـاری لەبـەرخۆیا لـەت لـەت و پـارە پـارە کـردوە، وەکەوتۆتـە دوای عیشـق و ئـیرادەی. هـەروەکو خـۆی لەناو دڕۆکی یەکێ لەهەڵبەستی محبت ئامێزا فەرموویەتی

چـــوخوش باشـــد كـــه بعـــد ان انتضـــاری
كەیاری برخود ازوصل یاری[1]

خولاسە : شەرحی لـەطافـەت و فەسـاحەت و زمـانی ڕەوانــی ئـەو مرحومـە كـە لـەدانانی ئـەم كتێبـە بـەكاری هێنـاوە لـەم كـورتی یـە كـوردی یـەدا هـەروا بـە ئـاسـانی و ئـاسـانی كۆتـایی نـابێ. وە بەمـەفادی ( المرء مـع مـن احـب ) لـەزومرەی خـاس و مەقـەبوولانی ئـەم بـزورگەوارانـە محشـور مەسرور بێ.

یەكێ لەو واقیعەو بەدی هاتانەی كـە بـۆ حـەزرەتی سـراج الـدین ( قـدس سـره ) دەسـی دوا حالـەتی اسـتغراق و مانـەوە بـووە بـۆ كەسـێ لـەو ئـەولیاو صـولەحا ڕووی نـەداوە. وەخـۆم بەكرامـەت لەحەزرەتی باوكی عەزیزم علاء الـدین ( قـدس سـره )م بیسـتوە ئـەویش لـە بـاوكی خـۆی حـەزرەتی ضیاء الدین ( قدس سره )ی بیستوە كە فەرموویەتی :-

حەزرەتی سراج الـدین لـەكاتی سـەجدە دا حالـەتی اسـتغراقی وەهـا بـۆ دەس داوە تایـەك حەفتـەی تـەواو لـەو سـری ئیلاهـی یـە دامسـتغرق بـووە، وەسـەری بـەرز نەكردۆتـەوە، وەهـیچ كـەس یـارا و قودرەتی ئـەوەی نـەبوە كـە بتـوانێ بچـێ بـەلایا و كەشـفی ئـەحوالی بكـا وەیـا بێـداری بكاتـەوە. لـە پاش یـەك حەوتـەی تـەواو سـەری لـە سـەجدەگا بەرزكردۆتـەوە ئەڵبەتـە معلومـە كـە پۆشـینی ئەم چەشنە نهێنی یانـە لـە جـەماوەری خـەڵكی فـەرمانێ حـەتمی یەكـە ئـەبێ بپۆشـرێ، وە هـەموو كەسـێ مـەحرەمی ئەسـرارنیە. وەهـەروەها هەنـدێ لەئاسـاری لطـف و مەرحەمـەتی حـەزرەتی ضیا

---

[1]چەند خۆشە لە پاش چەن چاوەڕوانی
بۆ یار بێتە بەر، وەصڵی یارانی

فەقیهی مەدرەسەی توحیدم ئیمڕۆ — فریدی دائیرەی ئیمڕۆ
ڕەزا نابم كە ئەغیاربێتە مەجلیس — كەچەوكانی قەزای تەبعیدم ئیمڕۆ
نیە بۆ ئەو نیشانە تا بناسرێ — بۆ خۆی من دافیعی تەردیدم ئیمڕۆ
لەتەنزیهانیە هیچكەس ره فیقم — چرای كاروانی ڕێی تە مجیدم ئیمڕۆ
چلۆن كا حمدی باقی عەبدێ فانی — بەعصیان ماوە واری تخمیدم ئیمڕۆ
عەلایق دەردی بێ دەرمانە ( فەوزی ) — ڕەئیسی عەسكەری تەجدیدم ئیمڕۆ

( قدس سره ) لەناساری تبرك واخلاص بۆ ئاگاداری ووشیاری برایانی دینی ئەگەربێتە نوسین و بخرێتە سەرکاغزبێ سوود و کەلك نابێ.

وەئەلبەتە ان شاء الله مایەی سوود و بەرەکەت ثمری پڕ کەلك ئەبێ. هەروەك لە پێشوا بەیان کرا لەکاتی و وەفاتی حەزرەتی ضیاء الدین ( قدس سره ) من تەمەنم ٤ چوار ساڵ بوو کە حەزرەتی پیر لە ساڵی ١٣١٨ هەزار و سێ سەد و هەژادە ی کۆچی دا خواحافیزی لە دنیای فانی فەرمووە وە بەرەو داری بەقا پەروازی بەباڵی هیممەت دا ، لەکاتی وەفاتیا من شەخسی خۆم حازر بووم وە بەتەواوی لەیادمە کەیەك حەوز لەداخڵی حەوشی خانوەکەیابوو. لەبەردەمی هەیوانە بەرزەوە بەعزێ ئاووگڵ نزیك بوو( خەڵك لەگەڵ حاڵەتی گریەوە زاری دار خۆیان لەوێ لە قوڕ ئەگرت بەلام هەندێ لە پەیوەندی داران و خەڵکی ترمە مەنعیان ئەکردن وە مەرحومی ملا قادری بیارە کە حەزرەتی ضیا پێشتر ئەوی بۆ تدریسی علوم و شەریعەت هێنابوە بیارە، وەبەگوێرەی ژمارەی عومری خۆی کە ٦٣ شەست و سێ ساڵ بوو قوتابی و فەقێی علومی دینی بۆ ئامادە کردبوو.

چونکە حەزرەتی ضیا لەمەرحومی ملا قادر هەستی ئەوە کردبوو کە زۆر بەجوانی و ڕێکوپێکی ئەم ئەرکە بەنرخە و ئەم پێویستی یە دینی یە کە تدریس و ووتنەوەی دەرسە ئەنجامی ئەدات، وەچۆن پێویست و شایان بێ وەلایەقی ئەو جێگە و مەقامە بێ وائەکات، کچی خۆی دایەو بەزاوای خۆی قبووڵکرد تا زیاتر بۆ خزمەتی دین و شەریعەت لە شەوق و ڕەغبە تابێ.

بێگومان تەواوی مەسرەفی مرحومی مامۆستا و هەموو قوتابی یەکانی لەگەڵ کەماڵی ڕەفاهو خۆش گوزەرانی دابین ئەکرا. لەگەڵ ئەوەشا ئەوە و مەسرەفێ کە ئەی کرد بۆ خانە قاومیوانەکانی لەدەزگای ئەو حەزرەتە دەرئەچوو.

جا چە لەبارەی بژێوی و چەلەبارەی پارە و مەسرەف و چی لەجیهەتی حقایق و معنویات بۆ خاص و عام محیر العقول و جێی سەرسرمان بوو. بێ هیچ زیادەیەك ئەتوانم بڵێم کە بەشی زۆرتر لە عولەما و تەلەبە و فەقێ ی کوردستانی عێراق و ئێران و ئیترش لەزەمانەوە تا

ئێستا چی لەبارەی ڕاستەوخۆوە یا بەواستە و هۆی ترەوە مەنبەع و کانی سەرچاوەی حەقائیق و توجهاتی ئەو جێگەیەوە بەهرەمەند و کامیاب بوون.

ئومێدەوارم ئەوە لەدوای ئەوە ئەسل بەدوای ئەسل تادێر زەمان وەکو خێرێکی هەرگیز ئەبڕاوە لا ینقطع بێ و هەربەر دەوام بێ ئاشکرایە کە ئاسار و واری ئەم خزمەتە بۆ دەردەدی کوردستان سیرایەتی کردوە و پەخش بوە، وەکارێکی پڕسوودی کردۆتە ئەوناوچانە و بەجێی هێشتووە بۆیان.[1]

بچینەوە سەر ناوەرۆکی باسەکە:-

لەکاتی وەفاتی حەزرەتی پیردا لە یادمە کە مرحومی ﴿ملا عبدالقادری مدرس﴾ هەم ئەی دا بەسەرخۆی دا و هەم هاواری ئەکرد: وازبێنن باخەڵك خۆی قوڕبەسەر خۆی داکا، چونکە گوڵ و گوڵزاری دین و دنیای ئەهلی دنیا ووشك بوو.؟؟

وە مەرگی عالمی عالەمێکە شامیلی حاڵی هەزارو بێ ئەواو ئەهلی بەجێ هات، بەتایبەتی عالمی بەعیلمی ظاهیر و باطن.

کەسێ کە ئەو ئەمامی ئالی عثمان مەنبەعی ئاسار و کەراماتی فتوحاتی ربانی بێ وە کیمیا گەری کیمیاخانەی اصلاح و تصفیەی انسانی بێ، وەصفار و مسگەری قەلبی زوڵمانی و سالیکانی ڕێگەی حەق و سکەلێدەری ئەنواری محمدی مەعزیفەت و عیرفانی یەزدانی بێ. بۆ زاتی ئاوا فتوائەدەم سەر بە بەردا بماڵن وەقوڕ بەسەردا کەن. وەمنیش هەروەها لەم حاڵەتەوە وەکو باقی خەڵکی تر ئەگریام وە ئەم ئەزانی بۆچی ئەگریام وەنەم ئەزانی بۆچی ئەگریم وە بۆچی زاری ئەکەم تابردیا نمە لای دایکی شیرینم لەناو قەرەباڵغی زۆر گرتیمە باوەش وە

---

[1] لە علامەی زەمان و زانای پایەبەرزی ئەم چەرخە جەنابی ملا عبدالکریم مدرس لە حەزرەتی گەیلانی گێڕیانەوە فەرمووبوی:-
یەکێ لەو شەهادە و بڕوانامە عیلمی یانەکە معترفن پێی لە جامیعەی -ازهر- لە قاهیرە و زانای کورد پێ ئەگرن لەو دانشگایە بەبێ قەیدوشەرت ئەوانەن کەلە بیارەی شەریف تحصیلیان کردبێ......

هەموو بەگریان و زاری خەریك و جار جار بەزیکر و نالە کردن بۆلای خوا جار جار بەگریە و نالینی وە جار جار بەزیکری لاالە الاالله . وەهەم خەمبار و مەد هۆش و پەریشان حاڵ بووم وەمنیش بە گریە و نالە بەردەوام بووم تا هێنامیانەوە دەرەوە. ماوەیە زۆری پێ چوو لەدوای بوونی پرسە و سەرخۆشی کردن حەرەمی حەزرەتی ضیاء الدین (قدس سره) مرحومی عصمت خانم کە لەڕووی ڕاستی یەوە کانی حەیا و عیفەت و پاکی بوو لەمنی پرسی:[1]

فلانی تۆ: لەکاتی وەفاتیا طفلی چوار سال بووی چیت دێتەوە یاد لە کاروباری حەزرەتی شێخ؟ عەرزیم کرد دایکی بەڕێز و خۆشەویستم ئەوەی بەجوانی لەبیرم بێ عەرزت ئەکەم . ئەوەی کە لەباسی وەفاتیا باسمان کردبوۆم گێڕایەوە.وە دووبارە عەرزیم کرد: ئەم پلەکانە کە لەلایەکەوە پالی داوە بە دیوارەوە وە لایەکی تری خالی یە بەتەواوی لە خەیالما چەسپا و چەسپ و نەخشە، ڕۆژێ بەقەلأن دۆشکانی خوشکم مرحومی فاطمە خانم بووم کە رازاوەترین و بەدین ترینی ئافرەتی زەمانی خۆی بوو رابیعەی دەورانی خۆی بوو، لەدەرگای ئەو قاپی یە تاریکەوە کە پلەکانەیەکی صافی هەبوو بەوێرا ڕۆیی پێی هەڵ ئەنگوت و من کەوتمە عەرز و سەرم دای بە بەردێکا و خوێنی لێ هات.

لەو کاتەدا بە خزمەت حەزرەتی ضیا گەیشتین و تەشریفی موبارەکی بەرەو رووومان هات و منی گرتە باوەش بردمی بۆ لای ئەو حەوزە کە لەناو حەوشەکە دابوو، وە بەدەستی موبارەك و پڕفەری سەری شتم و جێی برینەکەی سەرمی دەرمان کرد، وەدڵ ئەوایی خوشکمی کرد و دڵ خۆی دایەوە. مرحومی عصمت خانم فەرمووی : ڕاست ئەکەی .

دووبارە ووتم لەوەختێکا کە لەنزیکی قاپی ئەم هەیوانە تاریکە، ڕوو بەحەوشی خانەقا بوو کە ئێستە نەماوە، وە حەزرەتی ضیا پاڵتاوێکی ڕەشی لەبەرابوو وەك شێر لەوێ دانیشتبوو

---

[1] جەنابی فاضل شێخ خالدی نظام الدین کە لەناوەی ئەو خانەدانی بیارەی شەریفەیە ئەی فەرموو : هەرکاتێ مرحومی عصمت خانم ئەچو بۆ زیارەتی مرقدی حەزرەتی ضیاء الدین بە ئاشکرا گفتوگۆی ئەفەرموو لەخزمەتیا وە ئەی فەرموو ئێوە گوێتان تێوە نیە کە فەرمایش ئەفەرمووێ!!

منیـان بـرده خزمـەتی فـەرمووی:- فلانـی بێـنن دای نـێن دەفێکـی سـپی ڕەنـگ لە پشـتی سـەریەوە بـەدیوارەوە هەڵواسـرابوو، بەیـەکێ لـە پێش خزمـەتانی فـەرموو:- کوێخـا ئـەو دەفـە، ئـەویش دەفەکەی هێنا دایە دەستی موبارەکی.

حـەزرەتی شـێخ بە پە نجـەی موبـارەکی دای بـەڕووی دەفەکـەدا وەهێنایـە هەڵـە و ڕەفـرەف و جووڵـە و دەنگ بەڵام چە دەنگ و چە دەف؟

دەنگێکـی ڕۆح ئـەفزا هـەزاران سـۆز و ئـاوازی دلگـیری ئـە هێنایـە هۆشـبیری نینسـانەوە. وەصـفای ئەنواری هـەزاران فـەرەح سـروری بـەدڵ ئەگەیانـد ، وە ژەنگـی جـەفای لە پـەڕەی سینەی دڵ و گیـان ئەکردەوە. وە باڵندەی خـەیاڵی بـۆ گۆشـەی عالـەمی بـاڵا ئەهێنایـە پـەرواز وە بـۆ دەوڕکـی حقـایق و طی مقاماتی تصوف ژیـانێ تـازە ونـوێ بـەڕۆح و گیـان هـەتا هەتایە ئەبەخشـێ. عەکسـی دایـرەی پڕلە ئەنوار و بەرەکـەتی بـۆ دلانـی تاریـك بـە غەفلـەت و بـێ ئاگـایی و گونـاح ڕوون ئـەکردەوە و ئەحیای ئەکردەوە و سەر لە نوێ گیانی ئەکردەوە بەبەردا.

هێشتا ئـاساری پەیوەنـدی وە سـاطـەت و دلانـی بەسـراوە بـە عالـەمی فـەناو بـەقا[1] لـە خەزانـەی خەیاڵ سابت و بـاقی یـە. لەگـەڵ هێنانـە بەرچـاوی ئـەم هـەموو بەدیهاتـە بـەبێ ئیختیـار هاتمـە گریە و سۆز وەئەم ئـەزانی هـۆی گریـە و داد و موغـانم چـی بـوو. گوایـا وەك ئەمـەی کـە حـەزرەتی ضیا هەسـت وتـرس و خـۆفی لـێ کـردبم کـە ترسـابم فـەرمووی:- دەفەکـە بەرنـەوە شـوێنی خـۆی داینێن لە جیتای ئەوە شیرینی بکەنە کۆشیەوە.

مرحومی عصمت خانم فەرمووی راست ئەکەی خۆشم لەوکاتەی دابیستم. دووبارە عەرزم کرد :-

حـەزرەتی ضیا (قـدس سـره) پشـتی پـیرۆزی نـابوو بـە هـەیوانی خانـەقاوە وەك ئـەوەی بـە ئەمانـەت ادنیشـتبێ، وە جـوان لەبیرمـە هـاتم بـۆ خزمـەتی عـەرزیم کـرد بـاوە باشـە چـی ئەفەرمووی؟

---

[1] فەناو بەقا: دووزاراوەی و مصطلحی تایبەتین لە تصوف دا

ئەویش بەزمانی هەورامی فەرمووی:- لۆلە و بابالش بارە دەمەکەت!!!

یانی: کوڕی بچووکم ڕۆڵە گیان دەمەکەت بێنە!!! دەمم بردە نزیکی دەمی موبارەکی و بەبیری منالی و خەیالی ئەوسام بە شیرینیم نەزانی وام تصور نەکرد کە شتێکی لە دەم دایە ئەیەوێ بیکاتە دەمم. ئەمجا لەوی دەمی موبارەکی بەعزێکی کردە دەممەوە، وەمنیش ئاوی دەمیم قوت دا. وە دیم هەربە زاهیری شیرینی نەبوو بەڵام چونکە لەدەم و زمانێکۆ بوو کە پڕ بوو لە زیکری زاتی ئەحەدییەت وە لەکاتی دڵ و دەرونێکی پڕ لە ئاگاوە هەڵ قوڵابوو نەبێ بڵێی:- هەزاران شیرینی و لەززەتی ئاوی حەیاتی بەفیدای یەك قەترەی بێ. چونکە لەززەتی ئەوچەشتنە بەهیچ شتێ تر نابێ نیسبەتی بدرێ. مرحومی عصمت خانم فەرمووی:- دووبارە بەخوا من لەوێ حازر بووم وە خۆم لەبیرمە کەتۆ دووسێ جاری تر ووتت تاجاری سێ یەم و چوارەم بابەشا چی ئەخوێت ئیتروازت هێناو عەرزت نەکردەوە. وەلەم جێگەدا ئەگەر هەندێ لە کەرامەتی حەزرەتی ضیا بەیان بکەین هەرچەند ئەمە یەکێکە لەهەزار و مشتێکە لە خەروار ان شاء الله بێ بە هەرەو سوود نابێ. بەڵێ هەرودك ووتم کەرامەتی حەزرەتی ضیاء (شێخ) لەبەرئەوەی لەبەیانی تحریر و نووسین خارجەوە بەم کورتی و کتوپڕە جێی نابێتەوە وە چونکە بەزۆری کردەوە و فەرمایشتی ئەو حەزرەتە بەتاییەت بۆ ئەهلی دەرك و تەمیز خاریقە و کەرامەت بووە.

یەکێ لەوانە حەزرەتی باوکی عەزیزم (والیدی ماجدم) فەرمووی:- من و نجم الدینی برام لەخزمەتیا بووین بۆ سەفەری بەغا دیارە لەدەوری ئێمە لەوزەمانە دا ئۆتۆمبێل و قیتار نەبوو، ناچار بەمالی سواری[1] ڕۆیشتین وە لە پاش چەند ڕۆژێکی دوورودرێژ لەنیوە شەوێکا چووینە ناوشاری بەغاوە لە کاتێکا خەڵکی بێدار نەبوون، وەئێمەش سەربەخۆ ڕوومان کردە بارەگای حەزرەتی باز الله الاشهب حەزرەتی غوث الاعظم (قدس سره).

---

[1] مالی سواری یانی ئەسپ و ووڵاغ و ماین

کاتیٚ گەیشتینە بارەگای بلند و پاکی، حەزرەتی ضیا فەرمووی :- هیچ کەس لەخەو خەبەر مەکەنەوە و کەس زەحمەت مەدەن تا ان شاء الله سبەی بەیانی ڕۆژ ڕۆژ بووەوە خەبەر بە نقیب الاشراف ئەدەین کەبەرپرسیاری ئەم مەزاری حەزرەتەیە ئەدەین کەیەك دوو ژوورمان بۆ تەرخان بکات. ئێستە هەریەك لە جێگەیە یا کەناریکە وە ئیسراحەت بکەین. وە ئێمەش هەریەك کەلەشوێنێکەوە ئسراحە تمان کرد . بۆ سبەی بەیانی زوو حەزرەتی پیر نوێژی بەیانی لە کاتی خۆی دا بەجیٚ هێناوە لەدوای خۆندنی زیکر و دۆعا و ویردەکان وەك ئەوەی خەیالی تەشریف چوونی بۆجیٚ یەك ببیٚ، ئیشارەی لە من و نجم الدینی برام کرد کە لەخزمەتیا بچین. ئێمەش کەوتینە پشت سەری بۆ ڕۆیشتن، لە نزیکی کۆلانی ئەوڕێگەی بۆ مزگەوت دیٚ چەن ژێر زەمینی بوو کە سالیکان و خەلوەت نشینانی ئەو بارەگایە لەویٚ مشغولی زیکر و فیکر و ریازەت ئەبوون. بە بەردەمی ئەوانە دا تیٚ پەڕین گەیشتینە ژێر زەمینی خواروو حەزرەتی ضیا قدس سرە لەویٚ ڕاوەستاو لەدەرگای دا. گوێمان لیٚ بوو بەر لەوەی دەرگای بکاتەوە لە ژوورەکەوە لەوشوێنەی خولوەتی تیا ئەکێشا بەدەنگی بەرز بانگی کرد :- فدیتك یا عمر ضیاءالدین جئت؟!

یانی بە قوربانت بم ئەی حەزرەتی ضیاء الدین عمر هاتی!!!؟ لەدوای ئەم دەنگە کەواقیعا حوکمی خەبەر لە پشتی پەردەوە بوو دیمان یەك نەفر هات و دەرگای کردەوە. ئێمەش لەخزمەت حەزرەتی ضیا داخلی خەلوەت خانەکە بووین بەبیٚ ئەمەکە حەزرەتی ضیا قدس سرە هیچ لە ناوو شۆرەتی بپرسیٚ فەرمووی:- سید خالد وەرە بیٚ دانیشە. سید خالد کە ئەو ناوەی لەفەرمایشتی حەزرەتی ضیا وە ئاشکرابوو لەبەرامبەری ئەو حەزرەتەوە دانیشت .

وەهەردوکیان چاویان نابەیەکاو لە عالەمی موقابەلەی ڕۆحی و قەلبی دا.

نزیکەی یەك سەعات و نیو لە حالەتی مشغولی دا بوون. وەلەم ماوەیەدا من و نجم الدین برام وەستابووین لە پاشا حەزرەتی ضیا سەری بەرزۆکرد ڕووی کردە سید خالید فەرمووی: قەلەم وکاغەز بێنە ئەویش هەستا پەڕە و پێنوسی پێشکەش کرد.

حەزرەتی ضیا دەس بە جێ ئیجازەی ئیرشادی بۆ نووسی و تەسلیمی کرد دوایی سید خالید ڕووی کردە نجم الدینی برام و ووتی: جێی تعجب و سەرسڕمان نیە کە ئاوا لە ماوەیەکی کەما حەزرەتی پیر ئیجازەی بە من بەخشی . چونکەمن چرایەکم حازر شووشە پاکراوە، پڕ لە ڕەوەن تەنیا ڕووناکی یەکەم ئەویست و ئیحتیاجم بەیەك دەنك شقارتە بوو، حەزرەتی پیر جزاه الله خیر الجزاء [1] بە کبریت لێ دانێ هەڵی گیرساند حەزرەتی باوکی بەڕێزم فەرمووی :- بۆ دڵنیایی خاترو ئاگاداری و پێ زانینی لە ناوەڕۆکی باسەکە لە سێد خالیدمان پرسیار کرد ووتمان :سێد خالید تۆکە حەزرەتی ضیاءت نەدیوە و ئاگات لێنیییە کە هاتۆتە بەغا چۆنت زانی؟ وە حەزرەتی پیرت چۆن ناسی؟ ووتی: من ماوەیە زۆر لەم بارەگای حەزرەتی گەیلانییە خەریکی ڕیازاتی شاقەو کەسب وسلوکم، وەبەدرێژی ئەم ماوە دەرکی تورەقی وگەیشتن بەئامانج وئاواتی خۆم نەکردوە. لەگەڵ ئەوەشا لەسایەی خواو هیممەتی غوث الاعظم﴿قدس سره﴾ ئائومێد نەبووم وە هەمیشە هەرلەسەر کارو شوغلی خۆم بەردەوام بووم تا ماوەی چەند ڕۆژێ لەمەوپێش لەگەڵ حاڵەتی مەئیوسانەوە چومەنزیك شەباکی مەرقەدی حەزرەتی غوث وە لەگەڵ ئەوئەوپەڕی دڵ شکاوییەوە دەستم کرد بەگریەوناڵەو ئاهوزاری. وەئەم حاڵەتە زۆری لێسەندم تا بەتەواوی ماندوو بووم وخەوم لێ ئەئەکەوت وەلەعالەمی خەوا وام دی حەزرەتی غوث الاعظم﴿قدس سره﴾ تەشریفی هێناو فەرمووی:

سێد گریە و زاری مەکە هەرکەسب و سلوکێ کە کردووتە باعثی ئەجرو دەرەجاتی مەعنەوی یە، وە لە خەزێنەی غەیبی دا دیار و دانراوە بەڵام موناسەبەی ظاهیری لەبەینی ئەهلی حەیات و ئەهلی ئەموات نیە بۆ طَي مراتیب و دەرەجاتی تصوف لە طەریقەی علیەدا احتیاجێکی حەتمیت بە مورشیدی ظاهیری هەیە.

وەبێ لای یەکێ لەئەهلی حەیات کەبە هەقا أرشادی واقیعی گەییبێ. لە پاش بەیعەت مەدەتێ بۆ ئەوە کە طێ مەراتیبی پێ بلك

---

[1] جزه الله عنی خیر الجزاو: یانی خوا پاداشتی زۆرو چاکی بەخێری بداتەوە

وەلە مقامی موناسەبە لەگەڵ ئەرواحی ئەموانا ئاگاداری پەیدا بکات. ئەو کاتە ئەتوانێ کەلە ئەمواتیش سوود وەربگرێ، وەلە گەڵ مەددەدی بوزرگەوارانا لەطلي مەقامە بالاکان دابەسەیر و سلوك ئیدامە و بەردەوامی پێ ئەدات. وە ئیشی ئۆم بە ضیاء الدین شارەزووری سپاردووە، وەمنیش بەعەزری موبارەکیم گەیاند کە من ضیاء الدین ناناسم، وەنازانم شارەزوور کوێ یە؟ فەرمووی سەبرکە ئێستە دێ بۆ لام ئیشی هەیە وەکەهات ئیشی ئۆی پێ ئەسپێرم، وەئێستا من لەو خەوەدا بووم زۆری پێ نەچوو ئەم زاتە موبارەکە کە حەزرەتی ضیایە بەم هەیئەت و شێوە و صورەتەوە تەشریفی هێنا. وەهەندێ بەیانات و پرسیار و وەلام لەبەینیانا ئاڵوگۆڕ کرا بەڵام نازانم بەچە زمانێ لەگەڵ یەکا گفتوگۆیان ئەکرد هەروەك ثریانی بێ. وابوو، هەتایەك ووشەش لەزمانیان حاڵی نەبووم.

لەدوای تەواوبوونی فەرمایشتیان حەزرەتی غەوث فەرمووی :- ضیاء الدین ئیشی سێد خالید حەواڵەی تۆیە، کاروباری خۆی بەتەواوی بۆ تەواو بکە...

وەڕووشی کردە من فەرمووی : ( خالد ضیاء الدین جزء مني وجزء لاینفك الی یوم القیامه :-

یانی خالید ضیاء الدین بەشێکە لەمن و بەشێکە لێم جیانابێتەوە هەتا ڕۆژی قیامەت .

بەڵێ ئەم خانەدانی بیارەی شەریفە هەریەکەیان چرایەکی ڕۆشن و پەخشاوی زەمانی خۆیان بوون، وەناوو ناوبانگیان و بۆ دووریش دەنگی داوەتەوە، بۆ نمونە : ئەگێرنەوە جارێك جەنابی شێخ اکرام الدین لەنەوەی حەزرەتی شاهی بوخارا قدس اللهُ أسرارهم لەناو مریدان دا ئەفەرموێ :- ئایا کێ ببێ لەمەرتەبەو دەسەڵات دا ئیمڕۆ بگاتە ئەم بەندەی زەبوونە!!!

یەکێ لە خەلیفەکانی عەرزی ئەکات بەڵێ شێخ عمری بیارە، ئەویش ئەفەرموێ ئەی خەمە ژێر اختبارەوە ئەگەر وابوو ئەتگەیەنمە ئاواتت ئەگەر وانەبوو دەرکراوی طریقت ئەکەم وەسەلبی ئەحواڵت ئەکەم . ئەفەرموێ من ئەم دوو شعرەی بۆ ئەنووسم ئەبێ بەسێ شیعر و وەلامم بداتەوە وتێم بگەیەنێ کە خۆی ادعای مەشیخەت ئەکات، خەلیفەکەی ئەنێرێ بۆ بیارەی

شـەریف ولەسـەر حەوزەكـەی بیـارە یـەكێ نـەبینێ پرسـیاری شـێخ عمـری لـێ نـەكات، نـەویش ئەفەرموێ شێخ عمـر ناناسـم بـەلاّم مـن عومـەری عثمـانـیم تـا دووجـار نـە مجار نامەكـەی تەسلیم ئەكات كە ئەم دوو شیعرە ناوەرۆكی یەتی:

ای تـاقی ابروانـت ارامگـاهی مسـتان * وی خـاكی اتانـت مـأوای بـت پرسـتان * مـاخود بـدرج لعلـی لبـت بسـتیم دل، ولـیكن *كـی زن دهـر درایـد مقصـودتنگ دسـتان .

حەزرەتی ضیاء الدین قدس سرە بەم سێ شیعرە وەلاّمی ئەداتەوە:

| | |
|---|---|
| جانابیاو بشنو حرفی زو قول قولی من | تاكـام یـابی یـابی ازشـغل مـی پرسـتان |
| اینجازبان نباشد صرف و بیان نباشد | بـێ هـوش وبـی زبـان آتـا خـود شـوی زمسـتان |
| كس بی جراحتی دل زین لب ینافت كاج | هركس طبیب نداد ست شربت به تندروستان |

منیش كتو پـڕ بـەئاگاهاتم دیم هـیچ كەسیان دیـار نیـە، كـاتێ ئەمـەم دی وە ئـەم ڕووداوەم حـاڵی بوو تێ گەیشتم وەبە ئومێدی ئـەو پەیمانـە لەگـەڵ مـن حـاڵی بـێ سـەبری و زیـاتر و لە پێشـتر بـێ تاقـەتی كـردم و كەوتمـە هـاوار و داد و خـۆپێ نـەگیران. دووبـارە خـەوم لـێ كەوتـەوە حـەزرەتی غەوث (قدس سرە) تەشریفی هێناو فەرمووی:

سید خالید نارەحـەتی مەكـە لـەم یـەك دووحەفتـەی داهـاتوەدا ضیـاء الـدین دێ بـۆ ئێـرە، وە ئـەو خـۆی تۆنـە دۆزێتـەوە . وە مـن لەچـەند ڕۆژێ ئـەم دوو هەفتـەدا ڕۆژ و شـەو هەرچـاوەڕوان بـووم و لەحاڵەتی ئامـادەیی و چـاوەڕوانی دابـووم، بـۆ تەشـریف هێنـانی پـیرۆزی سـات و كـاتم ئەبـژارد. تـا لـەم ناوەختـەدا لـە دەرگـای دازانـیم هـیچ كەسـێ هـیچ ئیشـێكی بـەمن نیـە بەتایبـەتی لـەم بەرەبەیانەدا كـەس نایـەت بـۆ لام و لـەدەرگا نـادات، تائێسـتا ئـەم سـاتە ئـەم چـەند مـاوە شتی واڕووی نەداوە ئیتر زانیم وە گەلێ بەدڵنیایی كە حەزرەتی ضیاء الدین عمرە.

وەدیسـان دووبـارە حـەزرەتی والیـدی ماجیـدم فـەرمووی:- شـەوی دووەم كـە حـەزرەتی شـێخ لەبارەگای گـەیلانی دابـوو لـەدوای نوێـژی خـەوتنان ئیشـارەی بـەمن و نجـم الـدینی بـرام فـەرموو

هـەردوو پێکـەوە کەوتینـە پشـت سـەری تاگەیشـتینە نـاو مەرقـەدو مـەزاری حـەزرەتی غـەوث خۆیەوە ( قدس سره ) لـەنزیکی شـەباکە کەیـەوە حـەزرەتی ضیاء لـەجێ یەکـەوە دانیشـت، وەخێـرا مشغولێ بەموراقەبە بوو تاشەبەقی بەرەبەیان لەو جێی خۆیەدا کەمترین بزوتنەوەی نەکرد.

کـاتێ شـەبەق سـەری بـەرز کـرد و نوێـژی سبەینێمان بەجەماعـەت بـەجێ هێنـا، دوای خوێنـدنی زیکر و ویردەکان فەرمووی:-

لـەحاڵی موراقەبـەدا ڕوحـانی یـەتی حـەزرەتی غـوث حـازربوو وەئێمـە لەگـەڵ یـەکا مشـغولی داواکـاری و پاڕانـەوە بـووین بـۆ خۆمـان و نـەوە و مریـدان وەرۆحـی پـڕ فتـوحی حـەزرەتی خـاتم الانبياء محمد المصطفى ( صلى الله عليه وسلم ) ظاهـر و تەشـریفیان حـازر بـوو، منـاڵێکی سـاوای لاواز لەخزمـەتیا بـوو لـە پاش هەنـدێ هـاوار و داد و تمنـا لەخزمـەتی عزیزیـا کـە بەشـەرەفی عەرزی موبارەکیمان گەیاند فەرمووی:-

ضـیاء الـدین پـەروەردەکردنی ئـەم سـاوایە و لابردنـی ضـیعف و زەبـوونی و زیندوکردنـەوەی کەئێستە نزیك بەمەرگە حەواڵەی تـۆم کـرد . وەبـە حضوری موبـارەکیم عـەرز کـرد ئـەم منالـە بـەم حاڵەتە کێ یە ؟؟؟ فەرمووی ئەمـە ڕۆحـی بـێ ڕۆحـی عـیلم و شـەریعەتە لـە کوردسـتانا کـە حـاڵی نزیـك بەمـەرگ و مردنـە، حەواڵـەی دەسـتی تـۆم کـرد کـە خزمـەتی بکـەی وە لەزینـدو بوونـەوەی بکۆشی، تارۆحێ تری تازە پەیدا بکات عەرزم کرد سمعاً و طاعةً. [1]

ئەمجا لەگەڵ گەشیتنە وەجـێ بـۆ بیـارە نـاردی بـۆ کوچـك چـەرموو [2] لـەئێران فـاضیلی مـدرس مرحومی مـلا عبـدالقادر تەشـریفیان هێنـا کـەتا وەفـاتی کـرد هـەموو کـات و وەخـتێ خـۆی بـەخت کـرد لـە تدریسـی علـومی دینـی شـەریعەت تفسیر و بـاقی عیلمـەکانی کـەدا ، وەزۆربـەی زانایـانی کوردسـتان و عێـراق و ئێـران لـە خزمـەتی ئـەودا بەبـەهرە گەیشـتن و ئیجازەیـان وەگـرت. وەتـائێستا الحمد لله بالواسطه لە کوردستان و دەوروپشتی پاشماوەیان هەرماوە.

---

[1] یانی بەڵێ بەسەرچاوەی دڵ گوێ ڕایەڵ و فەرمان بەردارم .

[2] کوچك چرموو دێیەکە لەدەروبەری سنە بەکوردی -بەردەسپی ) پێ ئەڵێن

جارێـك حـەزرەتی ضیاء الـدین ( قـدس سـره ) بـۆ تەبـدیل هـەواو سـەرفی وەقـت چـەند مانگێـك تەشـریف ئـەبات بـۆ یـەکێ لـە هەوارگـەکانی هـەورامانی ئێـران لـەنزیکی دێـی ( دەرەکـێ ) کـە بەناوبانگـە. ئـەو هەوارگەریـە حـەوش و بـەدرانی وە ئەوجێگـە سەرچـاوگەی زۆر زۆر سـارد و صـاف لطیـف و ڕوون و شـیرینی هەیـە، بـە جـۆرێکی وا زۆر بـۆ خواردنـەوە سـوك و لـەززەت بەخشـە، گوایـا سـەفاو فـەرەحی دانیشـتن وجـودی پـیرۆزی پیرانـی بوزرگـەوار کـاری تێـاکردووە وابـوە بـەهۆی قـووتی ژیـان و قـووەتی ڕۆح و گیـان. چـونکە حـەزرەتی پیرانـی پێشـوو هەرلـە حـەزرەتی مولانـا خالیـدی ذي الجنـاحین ( قـدس سـره ) تـا حـەزرەتی سـراج الـدین و ضیاء الـدین و نجـم الـدین و حسـام الـدین ( قـدس الله اسـرارهم ) لـەو جێگـەدا ئیقامـە یـان چـەند ماوەیـەك فـەرمووە وە یـەك یـەك تـامـاوەیی زۆر یـا کـەم لەگـەڵ ژمارەیـەك لەئـەتباع و لـەواردین و زائـرین لەوجێگـەدا ماونەوە.

وەخـتێ زۆریـان بەسـەیر و سـلوك و ڕیـازات و موراقـەبات سـەرف کـردووە حـەزرەتی کـە تەشـریفی ئەبات لەگەڵ مرید و مەنسوبان بێجگـە لـەوانی لـێ پرسـراوانی مـیری ئەوسـای ئێـرانیش بـۆ دیـدار بینین و زیـارەت هاتونەتـە خزمـەتی. حـەزرەتی ضیا ڕۆژێ جـەنابی ئـاغـای دیـوان بـەگی دەعـوەت ئـەکا بـۆ ئـەوە کەلـەبارەی خـەرج و بـاجی دەوڵـەتی و ئەزیـەت و ئـازاردان نیسـبەت بەمریـد و مەنسـوبان و هـەژار و لـێ قـەوماوانی ناوچـە پـێ ی ڕابگـەینێ تـا هەرچـەند ئـەتوانێ و لەدەسەلاتی دایە کۆمەکی و چاودێری یـان بکـات وە لـە چاوپۆشـی لـە هـەژاران لـە فـەرمان ڕەوایـی مـیری دا درێغـی ئـەکات. لـەکاتێکا مرحـومی دیـوان بـەگی لەوناوچـەدا لـەناو دایـرە و لـەڕیزی ئومـەڕای دەوڵـەتی دا دەسـتێکی بـالای ئـەبێ وەهـەروەها خـوالێ خۆشـبوی نـاوبراو هـاوەڵ زاوای حـەزرەتی ضیـاء بـووە ، هـەروەك نیسـبەتی خزمایـەتی هـەبووە ئـیخلاص و ئیرادەتـی گـەرمی مەنسـوبانەی خۆیشـی بـەجێ هێنـاوە وە حـەزرەتی ضیـایش میـوان داری یـەکی گـەرم و گـوڕی بـۆ بەعەمـەل دێنـێ بـەو بۆنـەوە بەڕیعایـەتی ئـیحترام و ئـیرادەی راسـتەقینەی خـۆی نیسـبەت بـەو زاتەوە عـەرزی حـەزرەتی ضیا ئـەکات:- هەرچـەند سـەرنج ئەکێشـم کەسـێ کـە ئـادابی ئـەدەب و خزمەت گوزاری بزانـێ وەخـاوەنی ژیـری و تـەمیزی بـێ بێجگەلـە لەدوکتـەر ( اسـحاق ) نـاو کەسـێکی

تر شك نابەم. بەدڵ مەیلم وایە ناوبراو شێوازی خزمەت گوزاری بەتایبەت بۆ حضوری حەزرەتی تۆ تعیین و كارگوزاری كەم.

ئەڵبەتە تیرە و تایەفەی ئەو دوكتۆر اسحاقە هەموو (كەلیمی)[1]ن كە زۆربەیان لەو تایەفە وتیرەیە لەسنەدا دانیشتوون، لەتارانیشدا خزم و كەسیان زۆرە وەكو دكتۆر حكیم لقمان و حەكیم ئەرستۆ. بێجگە لەمانە تیرەی ئەوان زۆربەی پزیشك بوون، وەك حكیم زادە كەبە ادیب الاطباء مشهور بووە، وە حكیم ابراهیم كەبە امین الاطباء ناسراوە وەمیرزا دانیال مە معین الاطباء مشهور بووە. هەتا جارێ دایكی كورەكانی محمد جمال و عبدالملك نەخۆش بوو ناردم بەدوای امین الاطباء كە دكتۆر ابراهیم بوو كەتیماری دایكی منداڵەكان بكات.

كاتێ هات تەماشام كرد ڕیشێكی سپی و درێژی هەیە و ڕوویەكی سوور و نورانی تاچەند ڕۆژ لای ئێمە ماوە، من خۆم بەچاوی خۆم ئەمدی هەموو كاتێ لەوەختی بانگ و نوێژەكانا (بەیانی و نیوەڕۆ و عەسر و ئێوارە و خەوتنان) لەهەر پێنج فەرزەكان تەزبیحێكی لەگیرفان دەرئەهێنا و لێوی خۆی ئەخستە بزوان و دانە دانە دەنكی تەزبیحەكەی ئەگواستەوە وەك ئەمە بڵێی زیكرێ یاویردێ بخوێنێ، منیش زۆر سەرم سڕما كە ئەمە سرێكە تا ڕۆژێ لەخودی دكتۆر پرسیارم كرد ووتم :- دكتۆر پرسیارێكت لێ ئەكەم ئەمەوێ وڵامم بدەیتەوە وەبەراستی !!!!!
ووتی : موبارەكە .

ووتم : ئایا لەدینی ئێوەدا ویردو ئەوڕادی دیاری كراو هەیە لە كاتی تایبەتی دا بخوێنرێ؟؟؟ من ئەبینم تۆلە كاتی پێنج فەرزەدا تەزبیح بەدەستەوە ئەگری و لێو ئەجووڵێنی، وەك ئەمە ویرد و ئەوزادێكت بێ بخوێنی!!!

ووتی : خەیر قوربان ئەم كاری منە دەخلی بەمەزهەبەوە نیە ئەمە ویردێكە حەزرەتی ضیاء الدین ئەمری بەمن فەرمووە كەتەركی نەكەم وەهەموو ڕۆژێ لەكاتی پێنج فەرزەدا بیخوێنم.

---

[1] كەلیمی : موساین. جولەكە

منیش بەلامەوە سەیر بوو کەلیمی یەك تانەم نەندازە گوێ ڕایەڵی فرمانی حەزرەتی ضیاء الدین (قدس سره) بێ. بەلام داخەکەم لێم نە پرسی کە ئەم ویردانە چین کەئەیان خوێنی؟؟

دکتۆر ابراهیم ووتی قوربان:-

بەلاتەوە سەیر نەبێ و تصوری ئەوە مەفەرموو کەئەم ئیخلاسی ئێمە بەتایەفەی حەزرەتی سراج الدین هەمانە کەسێ تر ببێ یا ئەوەی ئێمە دیومانە کەسێ تر ببینێ.

دکتۆر ابراهیم ووتی حکیم اسحاق کە پزیشکی عەسکەری بوو لەحەوش و بەردانی، چوو بۆ خزمەت حەزرەتی ضیاء الدین وە بەگیان و دڵ خزمەتی کردبوو. حەزرەتی ضیا کە ئەبینێ لەماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا خزمەتێکی زۆر دڵسۆزانە و ئیرادەت مەندانە بەجێ دێنێ، ڕۆژێ بانگی ئەوکاوئەفەرمووێ:- حەکیم اسحاق هەرچی سەرنج ئەدەم هیچ ناتەواوی و عەیبێ لەتۆ نابینرێ تەنیا تاقە عەیبێ نەبێ. ئەویش عەرزی ئەکا قوربان ئەزانم چی ئەفەرمووی حازرم بەمەرجێ ئەمە شتێ ببینم کە ببێتە هۆی دڵنیایی و دامەزارانم. حەزرەتی ضیا ئەفەرمووێ: بچۆ دەزنوێژێکی موسوڵمانانە بگرەو وەرەوە بۆ ئەم خێوەتە. حکیم اسحاق ئەڕواو یەکسەر دەزنوێژێ موافیقی دینی حەنیف ئەگرێ و ئەگەڕێتەوە.

حەزرەتی ضیا (قدس سره) بەرامبەر خۆی نزیك دای ئەنێ و ئەمەفەرمویٚ چاوبنێ بەیەکا. ماوەی نیو سەعات چاولێك ئەنێ لەدوای ئەوە دەست ئەکا بەگریان و هاوار و دادی لێ بەرز ئەبێتەوە. وە ئەیەوێ لەبەرئەوەی لەوپەڕی نارەحەتی دایە ڕابکات، حەزرەتی ضیا توند ئەی گرێ دوای ئەوەی ئارام ئەبێتەوە.

دوای ئەوە تایەك سەعاتی تر متوجهی حاڵی ئەبێ، دیسان حکیم اسحاق دەس ئەکاتەوە بەگریان و زاری و واوەیلا، وە بەتوندی خۆیشی تەکان ئەدات وە ڕوو بەکێوەکانی حەوش و بەدرانی دەرباز ئەبێ. وەبەو حاڵەتی فوغان و زاری و دادەوە کێو بەکێو مل بە مل و کەل لەکەل تاکاتی خۆر ئاوا هەر ئەگەڕێ.

بەکاتی ئێوارەدا دێتەوە سەرخۆی وەبەرەو ئاوایی دێتەوە. خەڵکی پرسیاری لێ ئەکەن دکتۆر چیت دی و چیت لێ بەسەرهات؟ ئەمە چە حاڵێ بوو بەسەرتاهات؟

دکتۆر لەجواب و وەڵامیانا ئەڵێ:- بەخوای تاکو ئەنیا کاتێ حەزرەتی ضیا متوجهی حاڵی من بوو، وە من چاوم نابەیەکا وام هاتە بەرچاو پەردە بەتەواوی لە رووم لابرا وام دی وەك ئەمە سارا و بیابانێکی پان و بێ سنورم هاتە بەرچاو پڕ بوو لەخلایق کەئەم پەڕو ئەو پەڕی دیار نەبوو. تارمایی یەکی وەك سێبەر ئەمدی لەلای منا پەیدابوو جوان ئەوم هەست ئەکرد وەئەم نەزانی چییە وکێ یە، وەمن لەحاڵەتی سەرسڕمانێکی وادا ئەم حاڵەتەم بەدی ئەکرد.

دوایی دیم لە لایەن ئەوتارمایی یەوە بانگێك کرام کە :- ئایا ئەزانی ئەم صحرای کاکی یە قیامەتە منیش دیم جەماعەتێ زۆر هاتنە پێشەوە کە بەگوێرەی فەهمی بەشەری ئەژمێردراو بوون . وام بینی کە بەقەدەر یەك کۆڵەکە لە دوو کەلێ ڕەش کەلەدوکەڵ کێشی کورەخشت ئەچوو یا لە دوکەڵ کێشی قەتاری گەورە بەسەر سەریانەوە پێچاو پێچ بەرز ئەبووەوە و سەر ئەکەوت ئەوپەڕی سەر سوڕهێنەر و ترسناك بوو سەربنی نەبوو ، وە بۆنی ناخۆشی هەبوو، وەوام هەست ئەکرد کە فرشتەکان فێراریان ئەکرد و لێ ی دوور ئەکەوتنەوە. منیش لەترس و بیمی ئەو حاڵە و ئەو بۆنە ناخۆشە کەوتمە گریان و هاوار و ترسناکی خەیاڵم وابوو ڕاکەم . ئەوەبوو کە حەزرەتی ضیاء منی گرت و ئەم توانی دەرباز بم دوایی ئەو تارمایی یەك کەلە نزیکما بوو وەك سایە ئەهاتە بەرچاو بەمنی ووت فلآنی نازانی ئەمانە کێن؟؟؟

ئەمانە کەسانێکن کەلە دینی ئیسلام خارجن، بینیم بەڕاستی وابوو چونکە بەعزێ لەوانەم ئەناسی کە هەندێکیان مابوون و هەندێکیان مردبوون . لە پاش ماوەیە عالەمێکی بێ ژمارەم دی دەستە دەستە ئەهاتن لەکۆڵەکەیەکی گەورەی نوور بەسەر سەریانەوە بوو [1].

---

[1] خوا بەهیمەت و بەرەکەتی ئەولیای کرام و بەتایبەت بە دەسەڵات و توانای هێزی بازوی حەزرەتی سراج الدین بمان گێڕی بەوتاقمە و لەگەڵ ئەواناحەشرمان بفەرمووێ هەمومان پێکەوە بێ جیا بوونەوە.

وە نـورێکی گـەورە وەك کۆڵەکـە بەسـەریانەوە بـوو، وە بـۆن و را یحەیـەکی زۆر خـۆش و عەجایـەبی هـەبوو، لـە نظم و تـەرتیب و حەرەکـەدا بـوو. فریشـتەکان ( ملائیکـە ) وەك پە پولـە پـەروازیان ئەکرد بەدەوری ئەو نوورەدا. دیسان ئـەو ئارمـایی یـە رووی تـێ کـردم ئـازانی ئەمانـە هـەموو گـرۆی موسڵمانانن منیش قلباً تصـدیقم ئـەکرد وە بـەدڵ بـڕوام کـرد، چـونکە لـە مـانیش بـازێکم ئەناسـین هەندێکیان لەحاڵی حەیات و بازێ لەدنیا دەرچوو بوون.

وە ئـەو حاڵـە بـێ خـودی یـە کـەوەك بێهۆشـی بەسـەرما هـات لـەدیتنی ئـەو مەراسـیم و دیمەنـە خۆشەو ئەو نـوورەوە بـوو. دیسـان گرۆیـەکی تـرم دی ئـەمانیش بـێ حیسـاب ئەهاتنـە بەرچـاو کـە زۆر زۆر بوون ئەهاتن بـەلام یـەك کۆڵەکـەی ناڕێـك لـەنور و زوڵمـەت بەسـەریانەوە بـەرز بـووەوە بـۆ ئەوجی ئەعلا ئەڕۆی .

وە ئەوانم دی فریشـتە و ملائیکـە کـان هـیچ موبـالات ئیعتینایـەکیان پـێ نەئـەکردن ( نـە بـەدەوریا نـا ئەگـەران و نـەرایان ئـەکرد لـێ یـان ) ئـە نجا لـە پاش ئەمانـە : دەرد و ئـازارێکی زۆر لـەدڵی خۆمـا هەسـت ڕەکـرد وە لەتونـدی ئـەو دەردو ئـازارە دەسـتم بەگریـە و ناڵـە و فغـان کـرد. کـاتێ ڕوانـیم بـۆ سـینەو دڵـی خـۆم شـتێ کـم دی بـە ئەنـدازەی کاڵـەکێ دەورە دراو بـە بـەرگێکی قیریـن ( قیراسا ) زۆر ڕەش و ناله باربوو.

حـەزرەتی ضـیام حـازرە و لەبەرچـاوما دەرکـەوت و هـەر دەئەنگوشـتی خـۆی بردۆتـە ئـەو بەرگـە قیرینەوە، وە خەریکە ئەو پێستە قیرینە لێ بکاتەوە وە بەتەواوی هەڵی چرێ [1].

بـەلام دەردم بـەجۆرێ گـران و نارەحەتـە بـوو لەتاقـەت و توانـادا نـەما وەتوانـای خـۆگرتنم بـۆ چارەسەری و دەرمـانی ئـەو ئـازارە نـەما، ناچـار خـۆم بەتونـدی تـەکان داو ڕووم کـردە بیابـان وەك خۆتـان دیتـان تـالـە دەمـەو ئێـوارەدا ئـارامێ رووی تـێ کـردم و بۆحـاڵی ئاسـایی خـۆم گەڕامـەوە، وەها تمەوە ناو ئاوەدانی و ڕەفیقـان. کەها تمـەوە لـێ یـان پرسـیم چـی بـوو دیـت منـیش ووتم بـرا:

---

١

والله شهد الله كه حق و باطليان بۆ معلوم كردم، وه ئێستەش چاوەڕوانی هیدایەت وەقت و فرەسەتێكی موناسبم تابزانین خواچی مقدر ئەفەرموێ. وه لەئاخرا بەحدو سنوری یەقین گەیشت و معلوم بوو چی دكتۆر ابراهیم كه به امین الاطباء مشهور بوو، وه چی حەكیم اسحاق هەردوو به ئیمانی سەلامەت ڕۆیین .

وه منی هەژار عەینی ئەو بەسەرهاتەم لە حەزرەتی والیدی ماجیدم بیستووه. وه منیش عەرزی باوكی عەزیزم كرد كه دكتۆر ابراهیم ئەم بەسەرهاتی دكتۆر اسحاقەی بەتەواوی بۆ باسكردووم. هەركەس موشكلێك و گیر گرفتێكی هەیە ئێستەش لە ئەولادونەوەی ئەوان لە سنەو تاران و جێگەی ترهەن. وه ئەم ڕووداوو بەسەرهاته لەناو خێزانی ئەوانا بەسەرهاتێكی مێژووی یه، وه هەرگیز نای دەنه لە بیرچوون و لە پشت گوێ خستن و فەرامۆشی یەوە، لە خودی ئەفراد و عائیلەی ئەوان پرسیار بكەن. وه زۆرێ لە ئیشوكار سەبەب و هۆی ئەوێ وه ئاشكرایه لەگەڵ ئەم وەسیلەیشە مؤثری حەقیقی و كردگاری راستەقینە تەنیا هەر خوایە. لەگەڵ ئەویشا ئاشكرایه كه هیدایەت و ڕێ نیشاندان به خوایە بەلأم دنیا عالەمی ئەسبابه.

زۆر تری كاروبار وەسیلەو سەبەبی ئەوێ وه مؤثری حقیقی و كردگاری تحقیقی هەر خوا خۆیەتی، وەهەركەس ئیمكانی راسخی دامەزرا بە خوا و تەوانایی حەزرەتی زاتی حق ببێ وه ئایەتی كریمەی ( و أذا أراد شیئاً ان یقول لە كن فیكون ) بەبێ دوو دڵی باوەر و دلنیایی بەكار ئەهێنێ وه ئەزانێ كەلەبەرامبەر تەوانایی و ئیرادەی خوادا هیچ شتێ موشكیل و گیروگرفت نیه. وه هەرچی لەبەر چاوی عاقڵ و زانایە وەفەیلەسوف پیتۆڵەوانی دنیا لە جیهانی ئیمكانایە دووری بەنظربگات لەبەرامبەری ئەمری (كُنْ) زۆر سەهل و ئاسانه. چونكه ئەمعلومات لە مقابیلی عیلمی ئەزەلی وه ئەمقدورات بەرامبەر قودرەتی خواوەندی متعال احتیاجی بەسەرفی وەقت وەزەمان ومكان ئەكات. وەنابێ بەهۆی كەسب و سەرفی جەواریح بەڵكو فقط بەسراوه بە پەیوەندی مەیل و توانای خوای تعالی بەلأم عادة الله واجاری یه كه هەندێ شت بەبێ هۆیەكی زاهیری نابێ. وه هەندێكی تر بەبۆنەی هۆیەكەوه ڕوونەدات و دێتە محلی وقوع وه ئەوەی

کـەزیاتر بـاعثی شـك وتـەردیر و نینکـاری یـە هەنـدێ لـە فـازیلان و دانـایـانی وەقالعێکـە کـە بەسـتراوە بـە عـالـەمی کەشـف و معنویـات و چەشـتانێکە کـە غایـە لەنـەزەری حەواسـی زاهـیر بەلام ئەمیش بـۆ کەسـێ کـە ئەندازەیـەکی کـافی حوسنی نیـە ونینصـافی ببێ وەئایـەتی پیـرۆزی (ومـا أوتیـتم مـن العلم الاقلیلاً ) بکرێتـە پـێش چـاوو لەهـەموو لایەکـەوە بەتقصیر و نارەسایی خۆی أعتراف بکا بە معلومی هـەموو موشکیلێ لـە نـەزەریا ناسـانە و نـاسـایی یـە . ودبەمـەفادی ئـەم شیعریشە کە ئەفەرمووێ:-

دری گنجینـــــــــــــــــەء احســــــــــــــــــان گشــــــــــــــاند

بەهر کس هر چە لایق بود دادند [١]

انصـاف ئـەدات ئـە نجا کـە (وفـوق کـل ذي علـم علـیم) وەفەرمایشـتی (کـل میسـر لمـا خلق لـە) لـە نـەزەری قەواعیـدی عیلمـی دا ووتـراوە وە دووبـارە (لایلـزم مـن عـدم العلم بالشـئ عـدم وجـود الشئ) ئەبێ انسان تێ بگـات ئـەوەی مـن و تـۆ نـای زانـین لازم ناکـات نیـە ئەوشـتە کـە هـەروجودی نەبێ یاهیچ کەسێ ترنـەی زانـێ [٢]. تـاکوو حـەزرەتی حـق جـل سلطانە لـە کـەمالی لطف و فضل کـە خواوەنـد خۆیـەتی خـۆی هەنـدێ شـتی بـە حـەیوانات بەخشیوە ، کەعـەقلی بـەعزێ مـدعیان عقلێ و دانشـیان لەواسەرسـرماوە. وە لەمـەزاقی تـالیـا ناشـرین نیـە ، یـەکێ لەوانـە نـەختێ گۆشـت دانـێ وەیـا لاشـەیەکی مـرداره وەبـوو لـەجێ یـەك دافـرێ بـدرێ زۆری پـێ نـاچـێ لەچـەن فرسـەخ دورەوە بـەلکو ئـەتوانین بلـێین لەچـەند ڕۆژە ڕێگەیـەکا دالـە کـەرخۆرە بـە سـەریەوە حـازر ئـەبێ. وەلە کاتێکیش دا کە هیچ نەوعە پەلەوەرو بالندەیە لەو شوێنەدا نەبینراوە.

---

[١] دەرگای گەنجینەی کەرەم کراوە

کێ چی شایان بێ بۆی دانراوە

[٢] وە مەرحومە مەولەوی تاوکۆزی ئەفەرمووێ:-

چە عەجەب لە بۆ ئەهلی ئەفسانی

خۆی نەی بوو، تۆیشی وەکو خۆی زانی

ویان یەکێ کەمێ گوشت یا شەکر یا ڕۆنەکەرە لە شوێنێکا داتێ چەند دەقیقە درێژە ناکێشێ مێرووڵە بەسەریەوە حازر ئەبێ. وە ئاشکرایە ئەهێزی بینین ئەهێزی بۆنیان لەم ماوەدورەدا تۆنای دەرکی ئەوەیان نیە مەگەر بەرێگەی ئیلهام وە خەرقی عادە نەبێ.

کەوابوو مادام گیانداراني بێ ژیری تائەم ئەندازە جێگەی لطف و ئیلهامی خوایی، ڕوودانی بەعزێ خەواریق و موکاشەفە بو موسوڵمانی عاقڵ و خاوەن بیر وبڕوا ژیر و صالح ملتزم وە متمسّك بە دینی حەنیف و متسنن بە سوننەتی حەزرەتی ریسالەت پەنا صلی الله علیه وسلم وە ئەصحاب و یارانی ئەو حەزرەتە رضوان الله علیهم اجمعین بە طریقە الاولی چاکتر و ئەولاترە. وە قابیلی ئەوەیە کە ببینرێ وەهیچ جێگەی سەرسڕمان نیە بەڵکوو بۆ کەسانێ کە لوطفی ئیلاهی و ئینعاماتی حەزرەتی حق جل سلطانە دەربارەیان مقدرە، ظهوری ئەم نەوعە خەواریقە بەکارێکی ئاسان و ئاسایی دێتەجێ.

چونکە حدیثی قودسی ئەفەرمووێ ( لایزال عبدي یتقّرب اليّ بالنوافل حتى أحبه، فاذا أحببته كنت سمعه الذي يسمع به، وبصره الذي يبصر به، ويده التي يبطش بها، ورجله التي يمشي بها ولئن سألني لأعطينّه، ولئن استعاذني لأعيذنّه ) . رواه البخاري[1].

وەهەروەکوو ئایەتی پیرۆزی:- ( ولا يحيطون بشئ من علمه الا بما شاء ) بەم مانایە ئیشارەت ئەکا بە کورتی ئەهلی مەزاهیب و بەئیتیفاقی ئەدیانی سەماوی نەوعی بەشەر مطلقا وەبەهیچ جۆرێ خۆی لەخۆیەوە هیچی نیە بەبێ بەخشینی خوای پەروەردگار تواناو قادر زانینی و فامینی نیە.

بێجگە لە ئەسباب و موباشەڕەی ئەسباب هیچ ایجاد و تأثیراتێکی حەقیقی تێدانەبوە و نیەتی. هەرچی ببێ هەر لەوەوەیە تعالی و تقدس لەگەڵ ئەوەیشە ( لامانع لما أعطى ولارادّ لما قضى )[1].

---

[1] دلیل الفالحینی، بەرگی -١- لا پەرەی ٢٠٤

وه ئەم چەند شیعرەی ( مەولەوی ) فارسی لەم مەقامەبێ موناسەبە ئازانم :-

پای استدلالی یەن چوپین بود [1]
پای چوپین سخت و بی تمکین بود
کان اندرین رە گر خرد رهبین بودی
فخر رازدانی دین بودی

لیک چون من لم یذق لم یدر بود
فهم و تخیلاتی اوحیرت فزود

وەلە لایەن دایکی خوالێ خۆشبوومەوە نورجان خانم [3] کە کچی خوالێ خۆشبوو جنت مکان حاجی شێخ محمد صادقی وەزیر زادە [4] مالیکی دێی سەرواباد بوەکە ئێستە لەسەروەسیەتی خۆی مەزاری پیرۆزی والەسەر تە پەێی بە شێخ صادق مشهورە لەشاری ( سنە ).

---

[1] هەروەکو شاعیر ئەفەرموێ :-
سکندر رامنی نخشند ابی
بە زۆر زر میسر نیست این کار

[2]

[3] نوری جان خان یانی نوری جیهان خان

[4] جەنابی مەرحومی حاجی شێخ محمدە سەمرانی لە کتێبی بارقات بسرور دائەم بەسەرهاتە لە مرحومی شێخ صادقی وەزیر زادە گێراوەتە لە لاپەرە ( ٣١٨ ) و ئەفەرموێ: وەختێ حەزرەتی شێخ عثمان سراج الدین (قدس سره) لەشاری سلێمانی ئەبێ لەموناسەبەیەکا فەرمووی؛هەروەختێ موشکیلەیەك بێتە پێش لەحاڵی ئاگاداری وبێداری دا وەبە ئاشکرا بەخزمەت حەزرەتی رسول الله (صلی الله علیه و سلم) ئەگەم وەسوئالی عەرز ئەکەم و جوابی لێ وەرئەگرم، ئەم قسە لەگوێی گرۆی منکرین دا زۆرگران و ناخۆش ئەبێ، وەبە هەموو چەشنێ لەزوان درێژی درێغی ناکەن، تاکوو منافقێ ئەخەڵەتێنن قاترێ لەبارکێشانی حەزرەتی شێخ ئەدزێ، گۆری منکران ئەکەونە لۆمە و تانە کە شێخ لافێکی والێ ئەدا وە ئێستەش نازانێ دزی ئێسترەکەی خۆی کێیە؟ ئەم قسەوباسە ئەگاتەوە بەحەزرەتی شێخ. فەرمووی وازبێنن باووتبێتیان موشکیلێ نیە ئاسان ئەبێ، پاش ماوەیە کەم ئاگرێکی گەورە ئەکەوێتەوە ماڵی ئەو دزە منافقە،ژنەکەی وە برایەکی وە هەموو کەلوپەل و شتومەکی خانوەکەی ئەسوتێ، تەنیا خۆی دەر ئەچێ، وەخۆی بە خۆی ئەڵێ ئەم

وەهـەروەها ئاشـکرایە کـە ئـەم مـەزارە ناوبـانگیٚ تـەواوی هەیـە ، وە لـەکاتی وەسـیەتا نزیکـانی عەرزی ئەکەن ئەو تەپـە کـە تـۆ وەسـیەتت فـەرمووە لـەویٚ بـت نیـٚژن لەشـار و ئـاوەدانی زۆر دوورە. فەرموویـەتی لـە ئـە نجام و ئاکامـا ئەوتەپـە ئەکەویٚتـە ناوەراسـتی شـارەوە بیٚگومـان ئیٚسـتا لەهەرچـوار لاوە مـالٚ و ئـاوەدانی یـە . وە کەوتۆتـە ناوەنـدی شـارەکەوە، وە ئـەو مـەرحومی شـیٚخ محمد صادق [1] لـە زەمـانی خۆیـا پایـەی نائب الحكومـەی بوەلـە سـنەدا، وەبـە عنـوانی مەحوریـەت بەسەفەر ئەچیٚ بۆ تەرەفی ئەوسودو تەویٚلە و هەورامانی لهۆن.

وە لە تەویٚلە بـە حضـوری حـەزرەتی سـراج الـدینی تەویٚلـە ( قـدس سـره ) مشـرف ئـەبیٚ وە لـەکاتی حضـوری پـە یمان ئـەکات لـەرووی هەرنەوعـە ئیدراکوفـەهم و حسـیٚیاتیٚ ئـەبیٚ لـەوجیٚ یـە داعەهدوپە یمان ئـەکات کـە فرمانـەی مـیری تـەواو کـرد و گـەراوە بۆشـویٚنی خـۆی کەبەسـەر شـانی یەوە بوە خۆی اسـتقالە بکـات و وازبـیٚنیٚ وە بـۆ تەویٚلـە بیٚتـەوە بـۆ خزمـەتی سراج الـدین ( قـدس

گیروگرفت و کۆسپەی من لە ( شیٚخ عثمان )ەوەیە کە لەگەلٚ ئەوابیٚ ئەدەبیم کردووە .چوار پەلی ئیسترەکە نالٚ ئەکات و ئەی باتەوە بۆ خزمەت شیٚخ وەتەوبە و پەیشیمان یەکی زۆر ئەکات و ئەم روداوە ئەبیٚ بە هۆی ئیخلاصی جەماعەتیٚ زۆر....

[1] دووبارە جەنابی مرحومی حاجی شیٚخ محمد ی سەمرانی دانەری کتیٚبی بارقات السرور رەحمەتی خوای لیٚ بیٚ لە مرحومی شیٚخ محمد صادق وەزیرزادەوە ئەگەریٚتەوە کە فەرموویەتی :
جاریٚ لەشاری سولە یمانی ئەبیٚ حاجی قادر ئاغا دیٚتە خزمەت حەزرەتی﴿ شیٚخ عثمان﴾ و ئەلیٚ قوربان؛رەحمە خانی خیٚزانی بەندە عەمری خوای بەجیٚ هیٚناوە ئومیٚدەوارم بە لوطفت کەلە ئەحوالی ئەو ئاگاداری یەکم پیٚ بفەرمووی خۆشنوودە یابەدبەخت (سەعیدە یا شەقی ) یە حەزرەتی شیٚخ علیە الرضوان تامليٚکی فەرموو ئەختیٚ بیٚدەنگ بوو فەرمووی: رەحمە خان بەم شیٚوە و هەیئەتە وە بەم نیشانەوە حازرە ئەلیٚ: الحمدلله (سوپاس بۆ خوا ) خۆشم لیٚ ئەگوزەریٚ بەلاّم گلەییم هەیە، هەندیٚ سپاردەم لەلای ئاغا داناوە کە بیدات بە رۆلەکانم نایان داتیٚ. حاجی رێز لیٚ گیراو ووتی ؛ نیشانەی ژن صحیح و دروستە کە ئەفەرمووێ هەیئەت و شیٚوەی وەهایە. بەلاّم سپاردە شك نابەم، فەرمووی ئیمرۆ برۆ بیرکەرەوە بەلکو سبەینیٚ بیٚتەوە یادت، بۆ بەیانی هاتەوە ووتی جەنابی شیٚخ خۆی ئاشکرای بفەرمویٚ، حەزرەتی شیٚخ فەرموی سەیرە ( عەجەبا ) تۆ ژنی خۆت نابینی ئەمە تاحازرە ئەلیٚ فلاّن خشلی ئالتون و فلاّن عوزارەی زەردو هەیاسەوکەمەرەی زیوین وە فلاّنە خشلٚ داومەتە دەستی خستویەتە ناو فلاّن صندوقە جەمسەری مۆرکردوە بۆچی لە بیری

سره ). کاتێ ئەگەڕێتەوە پەیمانەکەی ئەباتە سەر وە بەکەوای شاڵ سورمەوە کە بەنرخترین و بەقیمەت ترین قوماشی ئەو زەمانەبوون وەبەو بەرگەو لیباسەوە دێتەوە بۆ تەوێڵە.

وەبەخزمەت کردن و گسك لێدانی خانەقا و سلوکی ئادابی تەریقە مشغول ئەبێ، وەزبڵ و خاشاکی خانەقا و بەو پاڵتاو و پۆشاکە بەنرخانەوە ئەباتەدەری خانەقا و دوری ئەخاتەوە.

بەکورتی ئاماوەیەکی زیاد لەنیەتێکی پاکو ئیخلاصێکی چاکەوە مشغوڵ بەسلوك و مراقبەبوە، بەجۆرێ لەناو ئەهلی خانەقا مشهور بووە کەهەرکات توجە لە هەرشتێ بکات سەرەوژێری ئەکات یادەست بەجێ کارو ئەسەری توجهات بۆ خاس و عام زاهیر و ئاشکرا ئەبێ. تاله ئەنجامی سلوکی جوان و ڕەوشتی بەرزی یا بە شانازی یەوە بە ئیجازەی مەشیخەت نایل ئەبێ. بەلام ئەو مرحومە لەگەڵ ئەوەیا زۆر سامانداد و خاوەنی مۆلکێکی زۆری وەك ؛ ( سەرواباد، سەولاوا، هەجبنە، هەزارخانی، چەشمیەر، مازی بن ) بێجگە لەوانە هی تریش لەژێر دەسەلاتی دابووە. بەخشینی ماڵ و خزمەتی بەمسلمانان و لابردنی ئازار و نارەحەتی لەسەر داماوو هەژار و لێ قەوماوان ئاواتی بەرزی ئەوبووە، وەئەوەی بەلاوە گرنگتر بووە لەکاروباری ئیرشاد.

وە لە پاش حەزرەتی ﴿سراج الدین﴾ بەقیامی وجودی حەزرەتی﴿ بهاء الدین و ضیاء الدین﴾بەئیرشادی ئەگرتۆتە دەست. وە خزمەتی ظاهیری بەسەرخزمەتی باطنیا ترجیح و پارسەنگ داوە بەڵکو ئەتوانین بڵێین کەهەر ئەوەی مەبەست بووە . لەگەڵ ئەوەدا ئەو مرحومە تائەوپەڕ سەخاوەت طبع و ڕووخۆش و زمان ڕەوان بووە، وە سروشتێکی ڕاست و دروست و جوانی بووە زیاد لەوەی کە حازر بووبێ بۆ هەژاران دابێتی لەسامانی خۆی وە بەزۆری موڵکە کانیشی لەرێی خزمەتی داماوو هەتیوو لێ قەوماوا بەخش کردوە.

وە ئەدەبێ کەنیسبەت بەشێخانی تەوێڵە و بیارە و ئەولادو ئەوەیان بوویەتی هەر لەزیادی بووە، بۆیە هەردەم بەردەوام بووە و داوا و ادعای شێخییەتی نەکردووە . زۆر خاوەن فضل و حەیاوئەدەب بووە کەبەرزترین خوو ڕەووشتە وە چاوەڕوانی واریدات و بەرەکات بووە لەبەحری

بێ پایانی خوای پەروەردگار بە هۆی ئیستمداد لە ئەرواحی پاکی حەزرەتی شێخی سراج الدین و ضیاء الدین ( قدس سرهما ) تاچاوی خواحافیزی لەدنیای فانی لەسەریەك ناوەبەرەحمەتی خوا چووە. ئەو مەرحومە ئەوپەڕ پلە بە خوشخولقی و ژیری و ووشیاری کەمالّ و جەمالّ و ئەسپ سواری و انشاو دارشتن و ئیملا و شیعر و ئەدەب لەزەمانی خۆیدا بەناوبانگ بووە.

بەرێکەوت جارێ مصطفی بەگی شاعیر کە دیوانی شیعری لە هەموو جێ مشهورە، وەتەبیعەت و سروشتێکی زۆر جوانی بوە وەبە مصطفی بەگی صاحبقران ناسراوە وەلە تایفەی بابانەکانی سولە یمانی بووە.

بەهۆی خزمایەتی و نزیکی یەوە کە لەخزمەتی حەزرەتی شێخ نجم الدین ( قدس سره ) بوویەتی نیهایەت دەرەجەی ئیخلاص و خۆشەویستی ئەو حەزرەتەی بووە، بەشێوەیەك کە خۆی بە ( دەرۆیشی ) ئەو ناز ناوو ملقب کردووە.

جارێ ئەچێتە ( سنە ) چونکە زۆر بەناوبانگ ئەبێ بۆیژان و هۆنەرمەندانی سنە هەڵبەستیان ووتوە لەگەڵ چەند پارچە هەڵبەستێ لە شیعری هەڵبژاردەی خۆیان کردبوە دیاری دەستیان وە بۆ دیتنی مرحومی مصطفی بەگ هاتبون، وەپیرۆزبایی بەخێر هاتنیان لێ کردبوو بۆ سنە وەهەریەکێ مەبەستێکی تیا دیاری کردبوو . مرحومی شێخ محمد صادقی ناوبراو رحمە الله ئەویش چەندێ لەئەشعاری خۆی کەلە کاتی خۆیا لە جوانی و لاوی دا بەبەهانەی دڵخوازەکەی خۆی ووتبوی بۆ بەخێرهاتنی مرحومی صاحێبقران هانیبووی. ئەویش کە ئەچێ بۆ دیدار من جملە یەکێ لەو غەزەلە کەوتبووی ئەم تەنیا شیعرەم کە لەحەزرەتی والیدی ماجیدی خۆمم (باوکی شرینی خۆم ) م بیستوە ئەمەیە :

کـــــەوا دارایـــــــی زەڕ کورتـــــــە ، کەمەرچـــــــینی، جوبە گوڵنـــــــاری
کلاولار، چاوخومار، شیریە سوار، خالّ میشکی تاتاری

ئەڵبەتە هەموو ئەمانە هاوچەرخی والی کوردستان بوون شیعر و ئەدەب و تەرز و شێوەی غەزەل خوانی کە زیاتر بە عیشقی حەقیقیەوە پەیوەندی بووە بۆ والی کوردستان باس ئەکەن والی ئینکار ئەکا کە پیاوێکی شایانی ئەم هەموو تاریف و هەڵ کێشانە بێ، ئەوانیش ئەڵێن هەر لەبەرتاقی کردنەوە ئەی هێنین بۆ ئێرە کەڕاستی ئەم کارە لەوالی ئاشکرابێ.

لەو کاتەدا ( والی ) مشغول بە ئاوەدان کردنەوەی تەلار و کۆشکێکی گەورەی دەوڵەتی دەبێ بە ڕێکەوت لە هەمان کاتدا هەر لەو ساختمانەدا کە ئەمان بۆی ئەچن ئەویش هەردولای هەیوان ئەبێ. کاتێ والی ئاگاداری پەیدا ئەکات ئەوا مصطفی بەگ هات بۆ لای دەستور ئەدا کۆمەڵێ ژن لەهەیوانێکا وە کۆمەڵێ پیاو لەهەیوانەکەی تر ئامادە ئەکەن . وە والی خۆی لەگەڵ جەنابی مرحوم شێخ محمد صادق لەناو کۆمەڵێ پیاوەکان دائەبن، کە مصطفی بەگ ئەکاتە دەری هەیوانەکە والی ئەڵێ: تەماشەیەکی ئەم دوو هەیوانە بکە، وە لەبارەی هەریەکێ لەمانە شتێ بڵێ. وە ئەویش دەست بەجێ ئەو ڕوباعی ( چوارینەیە ) ئەڵێ: - ڕووبەرووی ئافرەتان ئەڵێ:

خـــوب رویـــان ســـنندج همگـــی لایـــق انـــد

برسری خورشیدی تابان فایق اند

وە ڕووبەرووی کۆمەڵێ پیاوان ئەلێ :-

باهمـــەی نـــاز و نزاکـــەت هایشـــان[1]

بەندئی ئان شاه محمد صادق اند

---

[1] سەیری شۆخانی سنە چەند لایقن
گشت بەسەر ڕوناکی خۆرا فایقن
بەم هەموو جوانی و جەمال و نازەوە
بەندەیی شاهو محمد صادقن

پاش ئەوە والی قسە کەیان ئەسەلمێنێ، وەمرحومی مصطفی بەگ شان بەشان لەتەنیشتی خۆیەوە دائەنێ و ڕێزێکی تەواوی لێ ئەگرێ.

وە خوالێ خۆش بوو شێخ محمد صادق[1] بێجگە لەوە کە باوکی دایکمە دوو کچی تریشی بوە، یەکێ بەناو (عالیە خانم) کە حەرەمی حەزرەتی ضیاء الدین بووە. وە دوومیان بەناوی (ئاسیە خانم) کە خێزانی خوالێ خۆشبوو (دیوان بەگی گەورە) بووە.

- ئەم سێ گەورەی دین و دنیایە هەرسێکیان هاوەڵ زاوا بوون. مرحومی دیوان بەگی پلە و پایەیەکی گەورەی دەوڵەتی بووە، وە زیاد لەوە کە پەیوەندی خزیمایەتی لەگەڵ ئەم خانەدانەدابووە، جارجاریش بەشێوەی مەئموریەت بۆ دەوروبەری هەورامان سەفەری کردووە. وەلەبەرئەوەی خانەدانی سراج الدین (قدس سره) هەموویان لەهەمووکاتا هەر حەزیان لە سوڵح و سەفا بودو دژی ناکۆکی و دووبەرکی بوون. بۆیە دیوان بەگی زیاتر تەرخان کراوە بۆ لابردنی ساردی و ناکۆکی لە میانەی کاربەدەستانی دەوڵەتی و نیشتیمانیەکان بەتایبەتی عەشایەری ناوچە. هەژاران و داماوان و ڕزگاری و خەلاسیان لە ئازاردانی هەندێ لەکاربەدەستانی میری، کەخوا نەخواستە خراپە و وێژان و زمان بەدان لەدژیان لای کاربەدەستان بەجێی بهێنن. وە ئەم بزورگەوارانی ئاینی یە هیچ مەبەستێکی دنیایی یان نەبووە، بەڵکو بەمەفادی (الصلح خیر) و ئایەتی (واصلحوا بین اخویکم) هەموو کات بەنیەت و نیهادی پاکەوە هەڵساون بەتێکەڵی لەگەڵ کاربەدەستان تائەسبابی ڕەفاهو

---

[1] وا ئەزانم هەر ئەم شێخ محمد صادقی وەزیر زادەیە کە لەکتێبی (رياض المشتاقين) یشدا می حامیدی گەورە لە ڕەوزە (باخچە)ی دووەمدا ئەمەزرێ :

شێخ محمد صادق عەرزی پیری کرد :والیدەم (دایکم) و براژنم لە دنیا دەچوون هیمەتێ دەربارەیان بفەرموون، ئەوزاتەش دوای ماوەیە ئەفەرموێ: قەبرەکەیان دوو دار لەلای خواریانەوەیە، وەیەکە یەکە نیشانەی زیارەتگای بۆ دیاری دا .

ئەمجا فەرمووی براژنت ئیمانێ عەجەب ئەستور و قەوی هەیە. دایکیشت حاڵی باشە، بەهۆی ئەوەوە چەند ئەولادی باشی مردووە هیچ شکات و ناشوکری نەکردووە .

بەڵام ماشاء الله ئیمانی براژنت زۆر ئەستوورە .

خۆش گوزەرانی و ئاسایش بۆ خەڵك فەراهەم بێنن، وەدەست درێژی زۆرداران لە لەهەژاران قطع بکەنن بۆ نموونە: جارێ (شا نصرالدینی قاجار) نامەیەکی دوور و درێژی بۆ حەزرەتی ضیاء الدین (قدس سرە) نووسیوە، وەلەوێ دا ئاشکرای کردووە ئەگەر حەزرەتی شێخ قبووڵ بکات من بەدڵ حەزنەکەم و مایلم کە مووچەو ڕاتبێکی کافی بۆ خەرجی خانقا و ئەهلی خانەقا ببڕمەوەو دای بنێم. وە بەشێوەی مانگانە پێشکەش بکرێ. حەزرەتی ضیا (قدس سرە) لەوەڵامدا ئاوا جواب ئەفەرمووێ:

ما آبروی فقر قناعت نمی بریم

با پادشاه بگویید کەروزی مقرر آست

وە ئاشکرایە ئەوانەی کە بەچاوی انصاف و عقڵ و حەقیقەت بین[1] و تەجروبە سەیری ئەم باسە بکەن تێ ئەگەن کە:- کاری ئەم گەورە گەورانە بێ حیکمەت و خاڵی لە بەرژەوەندی و مەصلەحەت نیە. وەئەوانەش کەبێ انصافن و نازانن کە نازانن لێ یان گەڕێن باتاسەر لەنەزانی و جهلی مرکب دا بمێنن وەك شاعیر ئەڵێ:-

آنان کەنداند وندانند کەنداننـد

درجمل مرکب ابد الدهر بمانند[2]

دیارە کە کاری ئەم خانەدانە لەحەزرەتی سراج الدین (قدس سرە) تائێستا کە بۆژیان و بەردەوامی مەسلەکی (دەروێشی) هەرەیك تائەندازەیەك ماڵی دنیایی یان بووە، وەئەوپەڕی نیەت پاکی یەوە لەڕێ ی خزمەت بەدین و ئەهلی دین و زانا و عولەمایان و خزمەتی دین و

---

[1] بەچاوی ڕاستی و مرۆڤایەتی.

[2] ئەم هەڵبەستە وا ئەگەێنێ

هەژارانی خانقا مەسرەفیان کردووە ، لەگەڵ ئەوەشا لەهەموو بارو [1] جۆرێکا گۆشەی قەناعەتیان لەدەست نەداوە . وە هەمیشە ئەم شیعرەی ( سعدی ) یان لەیادابووە :-

ای قناعت توانگرم گردان

کەورای توهیچ نعمت نیست [2]

بەشێوەیەکە هەندێ جار حەزرەتی سراج الدین ( قدس سره ) بەهۆی نەبوونی و کەم دارایی یەوە هاتۆتە ناوەیدانی خانقا و پێی راگەیاندن فەرموویەتی :- هەرکەس مەیلی هەیە بچێتە وە ماڵی خۆی بەهۆی برسی یەکی زۆرەوە خۆی نەخاتە تەنگانەی بێ تاقەتی خۆنەگرتنەوە.[3] چونکە هیچی وانیە بۆ خواردن، لەوەڵاماعەرزیان کردووە: حەزرەتی پیرخەمی برسییەتی ئەمەنەخوا . هەریەك لە ئێمە ئەتوانێ ئەوەندەی کە پێی بژی بامستێ تووێش بێ دەستی خەین وە پێی ئەساچێنین .

وەخۆمان لەم خوانی نیعمەتی مەعنەوی و توجهاتو خۆراکی گیانی و دەروونی حەزرەتی پیرەبێ بە هرەوبێ بەش ناکەین، وەهیچ کام لەئێمە بۆ نەفس پەروەری و ئارەزووی دەروونی و سك پڕکردن نەهاتووینە ئێرە. گەورەترین شانازی و افتخارو ئاواتی ئێمە قووتی رۆحە و توجّهاتی حەزرەتی پیرەوەرزگاری لەهەوای نەفسنای لە رێبازێکی انسانی کە هۆی گەیاندنە بەبەختیاری قیامەتی کافیمانە.

هەروەکوو لە پێشەوە بەیان کرا حەزرەتی باوکی ماجیدم لەهەموناوچەیەکی هەمە جۆری کوردستانی ئێران موڵکی زۆری بووە . وە زۆر تری ئەوانەی سەرف کردووە بۆ میوان و دانیشتوانی

---

[1] باروجۆر: أوضاع و ئەحوال

[2] قەناعەت: ساچاندن. بەکەم ساچان .
ئەی کەم ساچانی دەوڵەمەندم کە
کە هیچ نیعمەتێ لەدوای تۆنیە

[3] خۆنەگرتن و بێ تەقاقەتی : مالایطاق.

خانەقا. وەلە ناوچەیەکا لەدێی (گوڵ چیدەر) لەسەر شیوی سەقز کەدێی خۆی بووە تەشریفیان چوەو لەوێ ماوەتەوە بەهۆی تعمیر و ئاوەدان کردنەوەی مولکەکانی وەلەو ناوچانەدا خێڵی جاف(١) کە بە پێی نەریتی(٢) خۆیان لەهەموو ساڵێکا بۆ کوێستانی ئەوناوچانە هاتوون ماوەیە نیشتەجێ بوون. وەهەریەك جێگەیەکی تایبەتی(٣) بووە. لەو کاتەدا یەکێ لە محبان و خۆشەویستانی حەزرەتی شێخی باوکم دێت بۆ خزمەتی لەخلکی ئەوناوچە لەڕووی کەمالی ئیخلاسەوە عەرزی ئەکات: قوربان:- هەرچەند جەسارەت و تەرکی ئەدەبە بیستومە فلان خێڵ لەتیرەو تایەفەی جاف (ماڵی سواری)(٤) زۆر چاکیان هەیە و هاتوچۆی حەزرەتی شێخیش ئەکەن، داواکارم هەرکاتێ یەکێ لەوانە هاتنە خزمەت شێخ بەهەر جۆرێ بووە بەهەر نرخێ ڕێکەوتی یەك لە جوانوو ماینی ڕەسەنم بۆ پەیدا بکە وەبیگەیەنە دەسم.

شێخ ئەفەرمووێ بۆ زووتر نەتوت یەکێ لەوانە کەیەك جوانوی چاکی بوو دوێنێ لێرە بوو. کاشکێ دوێنێ بت ووتایە، ئەویش عەرزی ئەکات قوربان: کەوابێ جەسارەت نەبێ(٥) سفارش بفەرموون(٦) بابێتەوە. حەزرەتی شێخ لەبەر خاتری ئەو ئەنێرێ بەدوایا کابرا دێتەوە جوانوو ماینەکەی لەگەڵ دایکەکەی دێنێ لەگەڵ خۆیا. کابرای کڕیار بەهەر نرخێ ئەبێ لێی ئەکڕێ و وەری ئەگرێ. خاوەنی پێشووی(٧) ئەگەڕێتەوە، ئەوی دووەم تاچەند ڕۆژ لە خزمەت شێخی باوکما ئەمێنێتەوە، وە جوانوەکە تائەندازەیەك پەروەردە ئەکات و حازری ئەکات تا لەگەڵ خۆیا بیباتەوە بۆ ماڵەوە. وە لەکاتی ڕۆیشتن دا هەرچی لەماینەکە ئەکات ملی ڕێگە

---

(١) خێڵ: عەشیرەت

(٢) نەریت: تقالید

(٣) تایبەتی: مخصوص

(٤) ماڵی سواری ئەسپ و ماین

(٥) جەسارەت نەبێ/نەبێتە بێ ئەدەبی

(٦) سفارش بفەرموون: ڕاسپێرە

(٧) پێشوو: ئەسلی

ناگرێ و بەرەودوا ئەگەڕێتەوە. ئەویش هەر ئەویەوێ بەزۆر سەری خات جارێ جوانوی بێچارە خۆی نەدات بەعەرزا ، چونکە ڕێ یەك کە پیا ئەڕۆیین کەل و پەلی و پێچاو پێچی زۆر بووە .

زۆری بۆ ئەهێنێ دیسان هەرخۆی ئەداتەوە بە زەوی دا تالەبەرزی یەکەوە سەرەو خوارئەبێتەوە تاخوارەوە . وە سەروگەردنی [1] ئەکەوێتە ژێر خۆی و ملی ئەشکێ و ئەمرێ . کاتێ خاوەنی دووەمی جوانوەکە ئەم حالە ئەبینێ زۆر زۆر خەمین و پەژارە ئەبێ بەمەنیووسی بەو حالەتی پەستی و ناڕەحەتی یەوە دێتەوە بۆ خزمەت باوکم، وەبەسەر هاتەکەی عەرز ئەکات .

ئەویش ئەفەرمووێ ڕاستی من لەکڕینی ئەم جوانوە نارازی بووم وەلەبەر خاتری تۆ هیچم نەووت چونکە ئەم زانی عەلاقەیەکی [2] زۆرت پێوەی هەبوو. ئەگەر شتێکم بوتایە یان باوەڕت نەئەکرد یان ئەتووت :- شێخ مەیلی نیە خاوەنی ئەم جوانوەبم، یابۆ کەسێکی تری ئەوێ........ لەبەر ئەوە هیچم نەووت ئێستەش خۆت سەلامەت بی جوانوەکەش ان شاء الله قەزا و بەلای خۆتی بردبێ، مالی دنیا هیچ قیمەتێکی نیە ئەویش عەرزی ئەکات:- قوربان جوانوەکە خۆ لەدەس چوو بەلام ئەوم بەقیمەتێکی بەقیمەت [3] کڕیوە، تکا ئەکەم بنێری دووبارە کابرای خاوەنی بێتەوە بەلکو میقداری لەنرخەکەی دەست بەردار ببێ، شایەد تائەندازەیەك بە ناچاری ببێتە هۆی کردنەوەی خەم [4].

دوبارە شێخ ئەنێرێ بەدوایا، حەزرەتی پیر فەرمووبوی لەوکاتەدا کە هێشتا خاوەن جوانوەکە نەگەیشتوو بەتایبەتی من لەئەوپەڕی خەمباری و دلگیری دابووم [5]. وە لە پەژاری و ناڕەحەتی دا سەرم کردبوە سەر ئەژنۆی تفکر وەیەك حالەتی بێخودی و غائیبم بەسەراهات

---

[1] سەروگەردن : مل

[2] عەلاقە : پەیوەندی

[3] بەقیمەتێکی بەقیمەت : بەنرخێکی گران

[4] بەناچاری ببێتە هۆی کەم کردنەوەی خەم : باعثی تسلای خاتر بێ.....

[5] لە ئەوپەڕی خەمباری و دلگیری دابووم : لەنیهایەت دەرەجەی متاسری دابووم

وەك ئەمە یەكێ بەخەوا چووبێ یا خەوی لێ كەوتبێ بەرێكەوت لەو حاڵەتەدا حەزرەتی سراج الدین و حەزرەتی ضیاء الدین (قدس سرهما العزیز) لەسەر تە پۆڵكەیەك بەرامبەر ئەوجێگە دانیشتنەی من بوو دیمن چوومە خزمەتیان .

پاش زیارەت هەردوو فەرمویان (علاء الدّین) ئێمە بۆ چاوپێكەوتنی تۆ هاتین تابزانین خەریكی چیت؟ عەرزم كردن ماشاء الله چاكم لێ ئەپرسن لەم كاتەی غەریبی و دووری ظاهیری لە تەوێلە و بیارە و سەرەڕای گرفتاری خۆیشم، بەناڕەحەتی ترەوە گرفتار بووم كەزیاد لە سنوری پڕ ئەهمیەتە [1] نیسبەت بەمن ، بێجگە لە گرفتاری خۆیشم ناڕەحەتی یەكی فوق العادە و گرنگ و پڕ ئەهمیەت ترم بۆ هاتۆتە پێشەوە و لێی ڕوودەوام وە عەینی ئەم ڕووداوە هەموویان عەرز ئەكاو وبۆیان ئەگێڕێتەوە . وە عەرزم كردن خاوەنی ئەسڵیم وابەداخوازی ڕاهێناوە كڕینی جوانوە كەم ئە نجام دا، وە ئێستا وەزعی جوانوو خاوەنی دووەم بەم چەشنەی لێ هاتووە، ناردومە بەدوابا كە خاوەنە ئەصڵی یەكەی بێتەوە شایەد لە نرخی پێشووكەمێ داشكێنێ .

ئیتر نازانم چۆن داوایەكی وا بكەم؟؟؟

حەزرەتی سراج الدین لە وەڵامی ناڕەحەتی من فەرمووی : ئەم بەلا ئەسڵا معلق بوو، وەبۆخۆی نازڵ بوو، ئەگەر ئەم جوانوو ماینە بەم بەڵایە تیا ئەچوایە كابراخۆی لەناو ئەچوو. وەلەبەر خاتری تۆ كە معلق علیە بەوەوە بەستراوە بەم جۆرە هاتۆتە ڕوو، وە خاوەنی جوانوو خۆی نەجاتی بوو لەوبەڵایە بۆ ئەوەی تۆ لەبەرامبەر كەسان و خێزانی لۆمەكراو جێگەی گلەیی نەبی . وەئەڵێی چوو بۆ لای ئەو بەمردووی هاتەوە. منیش عەرزم كرد بێ ئەدەبی نەبێ هەزار جار لەم قسانەی بۆ بكەم باوەر ناكات . دووبارە فەرمووی: مەعلوم بزانە لەبەر خاتری تۆیوە ووتم : بەڵێ ئەگەر لەسەرەتاوە بموتایە چاك بوو، بەڵام ئێستا هەزار سوێند بخۆم قبوولی نیەو بڕوا ناكات .

---

[1] زیاد لەسنور: فوق العادە

ئـه مجاره حـه‌زره‌تی سـراج الـدین ( قـدس سـره ) فـه‌رمووی : چـاك وایـه لێـی گـه‌ڕێی بـا جوانـوه ماینه‌كه بگه‌ڕێته‌وه [(١)].

زۆره پێ نه‌چوو یه‌ك ئه‌فـه‌ر بـه‌ده‌نگی بـه‌رز ووتـی : هـا جوانـوه ماینه‌كـه كه‌وتـه جووڵـه جـووڵ، وه مـن بـه‌ده‌نگی كـابرا لـه‌و حاڵـه‌تی بێخـودی یه‌دابـه ئاگـا هـاتم . دیـم كـه خـاوه‌نی یه‌كـه‌می جوانوه‌كه هاتۆته‌وه، وه جوانوه كـه‌ی بـه‌رز كردۆتـه‌وه و به‌راسـتی زینـدوو بۆتـه‌وه. بـه‌ڵێ ملـی كـه‌ج و خـواره‌و بـه‌تـه‌واوی راسـت نه‌بۆتـه‌وه. وه‌مـن له‌بـه‌ر ئـه‌وه كـه خـاوه‌نی یـه‌كمیم زه‌حمـه‌ت دابـوو هاتبووه‌وه داوای لێ بـوردن و مـه‌عزه‌ره‌تم لـێ كـرد. وه ئـه‌م فـه‌رمووده‌ی حـه‌زره‌تی سـراج الـدینم بـۆ خـاوه‌نی دووه‌مـی باسـكرد، وه‌بـه‌وم ووت، چـونكه ئـه‌م باسـه زه‌حمـه‌تێكی زۆری بـۆ ئێمـه تیابـه‌دی هـات. هه‌رچـه‌ند سـرونهێنی یـه‌كی گرنگـی بـاگنیش بـوو بـه‌ڵام ئـه‌م پۆشـی و ئـه‌م شـارده‌وه . وه‌به‌ئاشـكرا پـێم ووت ئه‌مـه به‌لایـه‌ك بـوو به‌سـه‌ر خـۆت هـاتبوو بـه جوانوه‌كـه داشكایه‌وه ، وه‌هه‌رچـه‌ند حـه‌زره‌تی سـراج الـدین سـێ بـاره فـه‌رمووی كـه ئـه‌م جوانـوه قـه‌زاو وه‌گێـری خاوه‌نه‌كه‌یـه‌تی مـن قبـووڵم نـه‌كرد و عـه‌رزم كـرد قوربـان :- هـه‌زار سـوێندی بـۆ بخـۆم هـه‌رگیز باوه‌ڕم پێ ناكا لـه پاش ده‌وامـی ئیصـرارو زۆر له‌سـه‌ر ڕۆینـی مـن حـه‌زره‌تی سـراج الـدین فـه‌رمووی:

---

[(١)] جه‌نابی حاجی شێخ محمد ی سه‌مرانی له‌كتێبی بارقات السرور دا ئه‌فه‌رمووێ:- سید حمه امینی كوڕی سید قطب الدین كه هه‌م خه‌لیفه و هه‌م زاوای حه‌زره‌تی سراج الدین ( قدس سره ) بوو گێرایه‌وه كه تووشی نه‌خۆشی یه‌كی ترسناك بووم به شێوه‌یه ده‌ستم له‌خۆم شت و مایوس بووم، ڕۆژی به ناره‌حه‌تی ئه‌ڕۆییم له‌كاتی ڕۆیینا به‌خزمه‌تی سراج الدین گه‌یشتم له گه‌رانه‌وه‌دا له‌گه‌ڵ جه‌ماعه‌تێ. وه له‌هه‌مان كاتا گاڕان هاتبووه‌وه ئاودێ، ماینێكی خۆم له ناوگاڕانه كه‌دا بوو، حه‌زره‌تی پیر فه‌رمووی ئه‌وه چیته؟ عه‌رزیم كرد زۆر په‌رێشانم فه‌رموی خۆی دا به‌سه‌رعه‌ساكه‌ی دا وه‌ستاو جار جار به‌توندی ئه‌زه‌رێكی ئه‌كرد له‌ماینه‌كه، جار جار ئه‌زه‌رێكی له‌من ئه‌كرد، وه چه‌ند جارێ ئه‌م فرمانه‌ی به‌جێ هێنا دوایی ته‌شریفی ڕۆیی .
كتوپڕ من سووكیم له خۆما ده‌رك كرد ، به‌ره‌به‌ره به‌ره‌و چاكی ڕۆیم تاخۆر ئاوا به‌ته‌واوی هیچم پێوه نه‌ما، به‌ڵام ماینه بێچاره‌كه كه‌وته ناره‌حه‌تی و لنگه فرتێ سێ ڕۆژ مایه‌وه تابه‌و ده‌رده‌وه له‌ناو چوو. خه‌ڵك و حازری ووتیان حه‌زره‌تی شێخ به تصرف قه‌زایه‌كی له‌لایه‌كه‌وه بۆ لایه‌ك حه‌واڵه كرد باء ذن الله، .
وه سید قطب الدینی باوكی ئه‌و سید حمه ئه‌مینه به (٧٠) حه‌فتا ڕۆژ فه‌ناویه‌قای ته‌واوكردوه، كه‌دوو زاراوه‌ن له طریقه‌دا.

مادام وایە لێی گەڕێ با جوانوە مایندکە بگەڕێتەوە، تافلانی هاواری کرد کە جوانوەکە کەوتە جموجوڵ، ئەوە بوو کەلە دەنگی ئەو من هاتمەوە سەرخۆم و دیم کە جوانوەکە زیندوو بۆتەوە. لەدوایی دا خاوەنی دووەم ووتی قوربان:- مادام وابوو جوانوو یا پارە چەندترخێکی هەیە .

بۆچی بێ مەرحەمەتیت کرد کە یەکەم جار نەت فەرموو. شێخی باوکم فەرمووی: پێم ووت ئێستە کە جوانوەکە ژیاوەتەوە تۆ ئەڵێیت ئەگەر زیندوو نەبوایە وات نەئەووت. ئەگەر راست ئەڵێیت و ئیخلاصت ئەبوو ئەم ئەرکەت بە من نەئەسپارد کە دووبارە بنێرم بەدوای خاوەنی یەکەمی دابێت و لەئەسڵی قیمەتی جوانوەکە کەم بکاتەوەو لە نیوەی چاوپۆشی بکات ( دوای ئەو هەموو تکالیف و زەحمەتە بەدوا پێ هێنانی معامله ).

کابراووتی:- بەهەر حاڵ ئێستە جوانوەکە لە پاش ئەم گشت زەحمەت و ژیانەوە تازە ناتوانێ بەرێ دا بڕوات، ئەمر بفەرموو نزیکەی حەفتەیە لێرە خزمەت بکرێت تا هێزی ڕۆیشتنی بگەڕێتەوە، ئەوجا لەگەڵ خۆمدا بیبەم. ئەمجارە لەدوای هەفتەیەك هاتن و جوانوەکە یان بردەوە دوای ماوەیە کەم ئەو پیاوە نەخۆش کەوت زۆری پێ نەچوو لەدنیا دەرچوو. جوانوەکە هەروەك خۆی مایەوە تاگەورە بوو، وەلەماڵی ئەو پیاوەدا ماینێکی چاکی لێ کەوتەوە، وەتا ماوەیە زۆر هەرما. پێشتر بەیاناتێکم لەباسی خواڵێ خۆشبووی دایکمەوە کرد بێ موناسەبە نیە ئەگەر کەمێ لەحاڵ و ناوو ئەولادیان باس بکەم. نوری جان خانمی دایکم بێجگە لە دوو کوڕ من و مەولاناخالیدی برام چەن کچێکیش بووە کە لەگەڵ ئەوان دا لەیەك دایکبوو باوکین .

یەکەم:- فاطمة خانم:- کە بەراستی خوێندوارو عاقڵ و فامیەو محترم بوو وەبەتەواوی لە هەرچوار ڕوبعەی شەرع ئاگادار بوو، لەدێی چۆڕ لەنزیکی شێخ حسنی چۆڕ مەدفونە .

دووەم : ئامینە خانم :- کە ئەویش لەو پەرپلەی خواناسی وتقواو شەریعەت ڕەوی یابوو، خوێندەوار لە شەرع و ئایین داو ئاگادار بوو.

هـەتا تقـواو دیانـەت و ڕونـاکی بەصـیرەت و صـفای دەروونـی بـە جۆرێ بـوو پـێش فـەوتی خـۆی خەبـەری دا لـە کـاتی وەفـاتی خـۆی. وارێکـەوت لـەوەختێ نەخۆشـی وەفـاتی ئـەودا دوبـەرەکی و نارێکی یـەکی بـەهێز و تونـد کەوتـە میانـەی سـیدەکانی ﴿چـۆڕو عەشـایەری کۆماسـی﴾ حـەزرەتی باوکی عەزیزم فەرمانی پێدام کە بچم بۆیەك کەوتن و ڕێك خستنیان .

منیش خۆم ساز کرد وەبەر لەڕۆیشـتن بـۆ سـەفەرەکەم چـووم بـۆ مـەنزڵی ئامینـە خـانمی خوشـکم بـۆ ئەوحواڵ پرسی. کاتێ دیـم سـەریم کـرد حـاڵی زۆر نارەحەتـە، مـەیلی سـەفەرم نـەما وە لـەم لاوەش شێخ ئـەمری فـەرمووە ناچـار مـام و نـەم ئـەزانی چـی بکـەم. أشـهد بـالله خـۆم لـێم بیسـت ووتـی: براگیان حـەزرەتی پـیر ئـەمری فـەرموە بـۆ ڕێکخسـتنەوە سـاداتی چـۆڕ و عەشـایەری کۆماسـی بچـی دوای مەخـە، وە بـۆ منـیش دڵ ڕەنـج مەبـە. ئێسـتا مـانگی (شـعبان) ە مـن لەشـەوی جومعـە ی (٨) ڕەمەزان لـە ئێـوە خواحـافیزی ئەکـەم، وە لـە حضوری حق تعـالی و تقـدس میـوان ئـەبم. وە خـۆی وەسـیەتی کـرد، کـە هـەرکاتێ ڕۆیشـتم و لـەدنیا کۆچـم کـرد لـە گۆشـەی خانقـا بمنێـژن وەئـەوێ جێگـەی منـە. وە حـەزم ئەوەیـە هەمیشـە دەنگـی خەتمەوتـە هلیلـە ببیسـم وە لـەواقیعا لەشـەوی هەینی هەشتی ڕەمەزان دا وەفاتی کرد وە لەوجێگە کەوەسیەتی کرد بوو لێی بنێژن نێژراوە .

سێ یـەم:- ثـوییـە خـانم بـوو لـە سـەقزادا وەفـاتی فـەرمووە لـەزەمانی غـەزای قـەدیمی ڕوس دا حەزرەتی شێخ نجم الدین مامم و حـەزرەتی شێخ حسـام الـدین (قـدس سرهما) بـۆ جـەنگ و جیهـاد لەگـەڵ ڕوس تەشـریف ئەبـەن بـۆ سـەقز ....... وە مـەنزڵیان مـاڵی ثـوەییـە خـانم ئـەبێ جـۆر خزمەتیان وا ئەبێ گۆیا هـەر وەکـوو خۆیـان سـاحیب مـاڵ و خانـە خـوێ بـن. بەموناسـەبەی وەقـت: ڕۆژێ ثـوییـە خـانم دەسـت ئـەکات بەبـەیانی فضل و گـەورەیی و ثـواب و پاداشـتی جیهـاد، ودشـەرحێ عەجایـەب دێنێتـە مەیـدان. بـە چەشـنێکی وا تقـدیری ئـەو مەبەسـتە ئـەکا حـەزرەتی حسام الدین تعجب ئـەکا بـەحاڵی سـەر لـێ سرمان و تعجبـەوە ڕوو بەحـەزرەتی شێخ نجـم الـدین ئەفەرموێ:- حـەزرەتی شێخ بڕوانـە ثـوییـە خـانم چـەند زانـاو عالمـە ئـەبێ بـوترێ دووەمـی مـلا قـادری بیارەیـە. ئـەنجا حـەزرەتی والیـدەم ماوەیـە لەئـەولادی نێرینـە مـایوس ئـەبێ حـەزرەتی

ضیاء الدین ئەفەرمویٚ:- کچی خۆم نورجان ئەبیٚ تمسک بەطریقە بکا، وەپەیڕەوی ئادابی تصوفی ببیٚ. ئەویش عەرزی ئەکا قوربان گیان: ڕۆحم بەقوربانت بەگیان و دلٚ حازرم بەلام هیمەت بۆ ئەولادی نێرینەم بۆ بفەرموو حەزرەتی ضیا ئەفەرمویٚ:- بچۆ بۆ زیارەتی مرقدی حەزرەتی سراج الدین ئەویش ئەچیٚ و ئەگەڕێتەوە، نازانم لە رووی چیی یەوە بوە حەزرەتی ضیا ئەفەرمویٚ: ویستم ئەمشەو لە عالەمی مەعنادا زەربە یە گران لە نوری جان بدەم.

کاتیٚ لە عالەمی مەعنادا دەستم بەرزەوە کرد، حەزرەتی سراج الدین لەو عالەمەدا دەستی گرتم و فەرمووی:- خەیالٚی زەربەلیٚدانی نوریجان ئەکەی، چونکە لە علاء الدین کوڕێکی ئەبیٚ من ناوی خۆمم عثمان داوەتیٚ، وەئەو عثمانە [1] بەشێکی زۆر لەکەمالاٚتی من لەوا دیاری ئەدا، وەبە ئەندازەی من لە زەمانی خۆی دا خزمەت بە موسوڵمانان و برایانی دینی ئەکات حەزرەتی ضیا ئەفەرمویٚ: ئێستە سکی هەیە، ئەو حەملە ئەو عثمان ناوەیە؟

فەرموویەتی نەخەیر، ئەم حەملە کچە ناوی بنێین ئامینە لە پاش ئەم کچیٚ تریشی ئەبیٚ ناوی ثوەییە بێت. لە پاش ئەمانە ئەو کورە ئەبیٚ ناوی بنێین (عثمان) حەزرەتی ضیاء الدین عەینی ئەم عیبارەتە و فەرمایشتی حەزرەتی سراج الدین ەی بەشێوەی مژدە و یادگاری بۆ حەزرەتی والیدی ماجیدم ئەنوسیٚ و بۆی ئەنێریٚ. وە لە پاش تەوەلدی من و لەدایك بوونی مەولانای برام بەچەن ساڵ نامەیە تر بەناوی هەردوکمانەوەی نوسیوە، هەردونامەکەم بەدەس

---


[1] هەر پێغەمبەریٚ سەرەرای مرتبەی پێغەمبەریەتی ویلایەتەکەی مقامێکی هەیە، مەرتەبەی حەزرەتی محمد المصطفی (صلی علیه و سلیم) مەرتەبەی (عبودیەتە) کەلە هەموو مەرتەبەکانی وەلایەت پایەبەرزترە. بۆیە ئەوتریٚ (اللهم صل علی سید نا محمد عبدك و رسولك النبی الامی) ئیشارەتە بەو مەرتەبەی عبودیەتە.
وەلە خەتمەدابۆ حەزرەتی سراج الدین ئەلقابی(والی روح المعرض عن مناصب الاولیاء لکمال الاقبال و الارتقاء الی اقصی مقام القرب و العبودیه و الرضاء) ئیشارەیە بەو مقامە عالیە. وە جەنابی مامۆستا ملا نظیری کوڕی ملا عبدالله ی ملا نظیری گەورەکە لە ئەوەی خانەدانی بیارەی شەریفە ئەی فەرموو: حەزرەتی سراج الدین ی حازری لەو مقام و پایە بەرزەدایە کە حەزرەتی سراج الدینی ئەوێڵە مژدەی فەرموە بۆیە باکی بە هیچ ناڕەحەتی و ئازارو دەردیٚ نیە و رازی یە بەرامبەر بە هەرچی خوای تعالی ئەکات.

گەیشتوە، بەلام لەکاتی نەخۆشی باوکی بەرێزم، باوکم ناردی بۆ ئەو نامە هەوڵی یە. منیش حسب الامری ئەو بۆم نارد، بەلام بەداخەوە لەکاتی وەفاتی ئەو بەهەر هۆیەک بوو گوم (وون) بوو، وە ئیتر دەستم نەکەوتەوە.

ئەوەی دووەم کەبەناوی من و مەولانای براوە دیقلۆب کراوە لەسەرەتای ئەم دەفتەرەوە استنساخ و تەحریر ئەکرێ.

# مختصر

# عن ذكريات حياتي




## بقلم حضرة الشيخ

## محمد عثمان سراج الدين

## النقشبندي